Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10303

# ڕەوشی سیاسی کوردانی ڕۆژهەڵات لە سایەی پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان 1976-1979

**یاسین خالدحسن سەردەشتی[1]، ئەحمەد محەمەد ناصر[2]**

1-بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

2-بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان ، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

قۆناغی دوای شۆڕشی ئەیلولی (1961-1975) لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، بەهەموو بەشەکانییەوە، هەستیارە، دیارە هەرەسهێنانی شۆڕش بەوشێوازەی کە لە چوارچێوەی پلانێکی نێودەوڵەتیدا هاتەدی، لێدانێکی کوشندەبوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کەوت، ئەم توێژینەوە (ڕەوشی سیاسی کوردی ڕۆژهەڵات لەسایەی پەرەسەندنی ڕووداوە سیاسەکانی باشووری کوردستان 1976-1979) بریتییە لەبەدواداچوونێکی مێژوویی سەبارەت بەقۆناغی دوای هەرەسی شۆڕش و لێکەوتەکانی، بەتایبەتی لەڕووی کاریگەریی شۆڕشی باشووری کوردستان، هەروەها سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەسەریەکەوە لەپێشەکی و دووتەوەری سەرەکی و دەرئەنجام پێکهاتووە. تەوەری یەکەم بەدواداچونێکی مێژووییە سەبارەت بە : »بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپاش ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975». تەوەری دووەمیش سەبارەت بە :»کاریگەریی دامەزراندنی حیزب وڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانە لەسەرکوردانی ڕۆژهەڵات» لەگەڵ ئەوەشدا بەسەردوو سەرباسی جیاوازدا دابەشکراوە، یەکەمیان بریتییە لە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێکهاتەکانی،بەڵام سەرباسی دووەمیان بەهەمان شێوە لێکدانەوەیەکی مێژووییە سەبارەت بە دامەزراندنی: سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە(قیادە موەقتە) ناسراوە، بەوئومێدەی ڕۆشناییەکی نوێ بخاتە سەرمێژووی هاوچەرخی کورد لە قۆناغی ناوبراودا.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted: August, 2022

***Keywords***

ڕێکەوتنامەی جەزائیر.ی.ن.ك، قیادەموەقتە،حدکا،کۆمیتەی زاگرۆس،هەڵۆی سوور، دەزگای ساواك.

***Corresponding Author***

## تەوەری یەکەم/ بارودۆخی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر:

لەمۆرکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی 1975 بەدواوە، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران ڕوو لەباشیەکی هەست پێکراوبوو، دانیشتن و کۆبوونەوەکانی نێوانیان، لە ئاستی باڵادا بەڕێوەدەچوو، بەتایبەتی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیی نێوانیان، لەوانە سەردانەکانی سەعدون حەمادی وەزیری دەرەوەو پاشان تەهامحێدن مەعروفی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق لەساڵی 1977دا (طارمی:1382، ل167). بارودۆخی کوردو ناوچە کوردنشینەکان نەك تەنها لەباشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لەتەواوی بەشەکانی تری کوردستانی داگیرکراویشدا تارادەیەك لەماتەمینی و بێ ئومێدی بەتەواوی باڵی بەسەردا کێشابوو، ئەو بارودۆخەش سەرەڕای ناخۆشی و نەهامەتیەکانی لە نێوکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و حیزب وڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان(حیسامی:2018،ب2،ل 946؛ ئەمین:1997،ل 31).هەروەها لەساڵانی دواترو لە ئەدەبیاتی شۆڕشی نوێدا، بەتایبەتی لەژمارە (4)ی گۆڤاری (کۆمەڵە)ی ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستاندا بابەتێکی سەربەخۆی لەسەر بڵاوکردۆتەوە، کەبە( ئاشبەتاڵ) ناوی بردووە. لێرە بەدواوە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) کە بارەگای سەرەکیان لەبەغدا بوو، پاش دووڕۆژ لە ڕێکەوتنامەی جەزائیر حکومەتی عێراق بە محەمەد ئەمینی سیراجی نوێنەری (حدکا) لەبەغدا ڕای دەگەیەنێ دەبێ حزب گشت چاپەمەنیەکانی دابخاو ئەندامانی حزب حەقیان نییە بەبێ ئیزنی حکومەت هاتووچۆی ئێران و باشووری کوردستان بکەن (قازی:2021،ل 519).

بەپێی بنەماکانی ئەو ڕێکەتنامەیە، عێراق لەبەرانبەر بەڵێنەکانی ئێراندا، هەموو هاوکاری و پشتگیری خۆی بۆ عەرەب و بلوچ دژی حکومەتی شا وەستاند و وازی لەپروپاگەندە و ئەو داواکاریانە هێنا، کە پارێزگای خوزستانی بەبەشێك لەخاکی

عەرەب دەزانی. لەبەرانبەردا محەمەد ڕەزاشا هەموو هاوکارییەکی بۆ کورد وەستاند (باڵەکی:211،ل40). شانبەشانی ئەوە بەهەزاران پەنابەری بێ لانەی کوردی عێراق بەسەر ئۆردوگاو ئوستان و ناوچە جۆراوجۆرە دوورە دەستەکانی ئێران و تاڕادەیەك ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابەشبوون، کە لەوماوەیەدا ژمارەیان خۆی لە نزیکەی (210) هەزارکەس دەداو هەندێ سەرچاوەش بەنیو ملێون پەنابەری خەمڵاندون،کەچی مەسعوود بارزانی بە(180) هەزاری داناون (میهڤان: 2018،ص278). لە نێویاندا وەك عەبدولموسەوەر بارزانی سەرۆکی دەستەی باڵای پەنابەرانی کوردستان باسی کردووە: ژمارەیەکی زۆری ئەو ئەفسەرە سەربازییانەی سەر بە شۆڕشی کورد بوون، فەرمانڕەوایانی ئێران بۆ ناوچەی مازندەرانی سەردەریای قەزوین و لە شارۆچکەی (بوشەهر) نیشتەجێیکردن و لەکارگەی لۆکەو ڕۆنی بهپاك دایمەزراندن و لەلایەن دەزگای ساواکیشەوە خراونە ژێرچاودێرییەوە، بۆئەوەی لەنێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا بتوێنرێنەوە (عەبدولمسەوەر:2018،ل54)،ئەوەبوو دواتریش زۆرێك لە ئاوارەکان گەڕانەوە عێراق و بۆ شارو شارۆچکەو ناوچە دوورە دەستەکانی باشووری وەك ناسریەو دیوانیە و ڕومادی دوورخرانەوەولە بارودۆخێکی زۆرخراپدا دەژیان (ماکدواڵ: 1996،ل512؛ الخرسان:2001،ص235). شای ئێرانیش لای خۆیەوە هەربەوەوە نەوەستا، کە کۆمەڵێك دەستکەوتی گەورەی بەرانبەر بەعێراق و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەدەستهێنا، بەڵکو وەك هێزێکی گەورە لەناوچەکەو بەتایبەتی کەنداو دەرخست، بۆ ئەم مەبەستە خۆی زیاتر پڕ چەککرد، بەبیانووی ئەوەی زۆرێك لەوڵاتانی دەوروبەری ئێران زیاتر لەوان خاوەنی تانک و فڕۆکەن، ئەمەش لەکاتێکدا ئەو وڵاتانە لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە سێ یەکی دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن (السامرائی:2000،ص116). لەباشووری کوردستانەوە، بەشێك لەوخێزان و ماڵە کوردانەی ڕۆژهەڵات، کە بەزۆری سەر بە (حدکا) بوون و لەشاروشارۆچکەکانی سلێمانی و قەڵادزەو کۆیەو ڕانیەدا دەژیان و لەساڵانی دواتردا، ئەمانیش لەلایەن بەرپرسانی دەزگای هەواڵگری و پۆلیسی۔ عێراقەوە، کە بەزۆری لەماڵی بەرپرسانی حدکای وەك:(مەلا ڕەسوڵی پێشنماز،سەید ڕەسوڵی بابی گەورە،حەسەنی بێورەیی،ڕەحیم کەپەکەندی، لەتیفی مەلاعەلی و قادری برای مەلا ڕەسوڵی پێشنماز بوون، وەك قۆناغی یەکەم بە منداڵ و گەورەوە، کەژمارەیان (35) کەس بوو، سەرەڕای نارەزایی دەربڕینی دانیشتوانی شاری کۆیە، بەماڵ و منداڵەوە بۆناوچەی ڕومادی گوازرانەوە وەك ئەوەی سەرەتا لەنێو یاریگایەکی فتبۆڵێن و پاشان بۆ گوندێکی دوورەدەستی دەوروبەری ڕومادی بەنێوی(سۆفیا) گوازرانەوەو هەتا بەرپابوونی شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ لەوێ خرابوونە ژێر چاودێرییەوە(پێشنماز:2012،ل 326-332؛ ڕەستگار:2021، ب2،ل 400). بەگوێرەی سیاسەتێکی لەوجۆرە کە دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێران پێکەوە گرتیانەبەرو بەپێی بنەماکانی ڕێکەوتنامەی جەزائیر چاودێرییەکی وردی ناوچە سنوورییەکانی هەردوو وڵات بوو، بەتایبەت لەناوچە کوردنشینەکانەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازیی لەناو خاکی یەکدی و ڕاوەدوونانی هەر هێزێك کە لەوناوچانەدا بەرچاوبکەون،سەرەڕای چۆڵکردنی (10-20) کیلۆمەتری پانی ناوچە سنوورییەکان و تەختکردنی تەواوی دێهاتەکان وگواستنەوەی دانیشتوانیان بۆئۆردوگا زۆرەملێکانی نزیك شارەکان وبڕینەوەو سووتاندنی دارستانەکان و پڕکردنەوەی کانیاوەکانی ئەو ناوچانە (Bruinessn,1996,p6)، بەڕادەیەك هیچ کەس بۆی نەبوو ئەو سنوورە ببەزێنێ، بەڕادەیەك لەپشتی قەڵادزەوە 13 مێردمنداڵ بەهۆی کۆکردنەوەو هێنانی دەغڵودان بۆئاژەڵ گوللەباران کران(قازی:2021 ب4،ل 521).

لەکاتێکدا سەرکردایەتی (حدکا)یش کە لە عێراق و ناوچەکانی باشووری کوردستاندا بوون، سەرەتا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داوای ئەوەیان لێکرابوو، ئەبێ خاکی عێراق جێبهێڵن یان بە فەرمی ببنە پەنابەرو وازلەتێکۆشانی سیاسی بهێنن، جابۆیە کۆمیتەی ناوەندی حزب بەتایبەتی ئەوانەیان لەعێراق بوون، کۆبوونەوەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە لە بەغدا پێکهێنا، دوای تاوتوێکردنی بارودۆخەکە لەسەرئەوە ساغبوونەوە: ئەگەر حکومەتی عێراق سووربوولەسەربڕیاری خۆی ئەوا ناچنەژێرباری چوونە دەرەوە، بەڵکو خێزان و ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە بکەنە پەنابەرو کادیرەکان و ئەندامانی حیزب لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەرایەتی بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دووبارە خەباتی سیاسی وچەکداریی خۆیان درێژە پێبدەن (قاسملو،زادە:2002،ل284). بارودۆخێکی ئەوتۆش بۆ گەڕانەوەی وڵات و دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسی لەکۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا، کە لە 22ی تەمووزی 1975لەشاری بەرلین، جەختی لەسەرکرایەوە،بڕیاریشیاندا کە ئەبێت : پەیوەندی لەگەڵ حیزبی بەعس بپارێزرێ و ڕۆژنامەی کوردستان لەوڵاتی سوید بڵاوبکرێتەوە، کەئەمەیان نەکراو وتارەکانی بۆ ماوەی سێ مانگ لە سوید مایەوەو چاپ نەکران(حیسامی:2018،ب2،ل258-259). بەڵام حیزبی دیموکرات لە نێوخاکی عێراقدا، بەشێوازێکی لاوازو دوور لە هەر چالاکییەکی ئەوتۆی حیزبی و ڕێکخراوەیی مایەوە، هەرچەندە چەند نوێنەرێکیان لە دەرەوەی وڵات کە: ئەمیری قازی، سەلیم بابانزادە و محەمەدی موهتەدی لە ئەوروپاو وەك نوێنەر بۆ کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکاران کە لەشاری بەرلین لە ئابی 1975دا بەڕێوەچوو بەشداربوون. لەم کۆنگرەیەدا هەموو لایەنەکانی پارچەکانی تری کوردستان هەوڵیاندا، سەرۆکایەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەژێر ڕکێفی پارتی دەربهێنن، هەرچەندە پارتی دوای ئەوەی کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلوول هاتبوو، وێنەیەکی گەورەی بارزانیان لەنێو هۆڵی کۆنگرەو لای سەرەوە هەڵیانواسیبوو، ئەمەش نارەزاییەکی گەورەی لای زۆرێك لە ئەندامانی کۆنگرە دروستکردبوو، لەوانە کەسێکی وەك عومەری شێخ مووس کە وتەبێژی کۆنگرە بووەو لەم بارەیەوە وتوویەتی: بە دەستەی ئیدارەی کۆنگرەم وت ئەگەر ئەم وێنەیە لانەدەن ئێمە لەنێوهۆڵەکە دەچینە دەرەوە(ئەحمەد:2011،ل119). هەروەها کوردەکانی ئێران و سوریاو تورکیاش زۆرتوندبوون بەرانبەر بەوهەڵوێستەو تەنانەت کەسێکی وەك: سەلیمی بابان

زادە کە دەمڕاستی کوردەکانی ئێران بووە گوتی: ئێمە لە ژێر ئەم سەقفە لەگەڵ ئەم کۆنەپەرستانە دانانیشین (ئەحمەد:2011،ل119-121)، بەڵام پارتی لەبەرئەوەی وێنەکەیان بەئەنقەست دانابوو، تەنانەت تاریق ئاکرەیی چووبووە ئێران و پاش گەڕانەوەی یەکسەر هاتبووە نێوکۆنگرەو لەئێران بەیاننامەیەکی بەواژۆی قیادەی موەقەتە هێنابوو، گوایە ئەوان بەردەوامی بەشۆڕش دەدەن، بەڵام ئەندامانی کۆنگرە وەڵامیاندانەوە،کە چەند هەفتەیەك لەوەوبەر مەلا مستەفای بارزانی خۆی وتویەتی: (کار من تمام شد). ئیدی لەوەبەدواوە هەموولایەنەکان جگە لەئەندامانی پارتی و (حشع) باڵی لیژنەی مەرکەزی، لە کۆنگرەی خوێندکاران کشانەوە،تائەوکاتەی ئەمانەبەپێی گێڕانەوەی عومەری شێخ مووس ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) لە 13-17ی ئابی 1976دا لە شاری فرانکفۆردی ئەڵمانیاکۆنگرەیەکی تریان بەست و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان لە دەرەوەی وڵات (Aksa) دامەزراند (ئەحمەد:2011،ل121-122؛ عارف:2012،ل82).

لێرەش بەدواوە و بەزۆری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) لەدەرەوەی وڵات دەکرێن وهەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان)یش چەند ژمارەیەکی دوور لەدەستەڵاتی حکومەتی عێراق و لە سەرەتای مارتی 1976دا، لەلایەن کەریم حیسامییەوە براوەتە (بەیروت) ولەوێ چاپکراوەو هەندێکیشی. ناردۆتەوە شاری بەغداو بەشێکی تریشی ـ لەگەڵ خۆیدا گەیاندۆتە ئەوروپا (حیسامی:2011،ب2،ل ).هەروەها یەکێکی دی لەکارەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات هاوکاریکردن وبڵاوکردنەوەی یەکەم بەیاننامەی حیزی سۆشیالیستی کوردستان بووە لە بەرلین لەگەڵ دروستکردنی مۆری حیزب لەبەیروت بەسەرۆکایەتی ڕەسوڵ مامەندو دکتۆر خالید، هەرئەمەش وایکرد، کەحکومەتی عێراق بیانووی زیاترلە (حدکا) بگرێ و ڕێگای هاتووچۆکردنی دەرەوەیان قەدەغەبکات(قازی:2021،ب4،ل522). جگە لەوەش (حدکا) بەپێی ڕێکەوتنێکی پێشوەخت لەگەڵ یەمەنی دیموکراتدا، دەستەیەك لە ئەندامان و کادیرانی دەستە بژێری خۆی،لەڕێگای بەغداوەو بەناوی خواستراوەوە، کە بەزۆری دەزگای هەواڵگری عێراقی بۆی دەستنیشان کردبوون، بە مەبەستی ڕاهێنانی سەربازی هەواڵەی ئەو وڵاتە دەکات و بۆماوەی چوارمانگ لەوێ دەمێننەوە (گادانی:2008،ب1،ل207-208). بەڵام لە کۆبوونەوەی (ڤارنا)ی کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا، کە لە13ی حوزەیرانی 1976دا لە بولگاریا بەڕێوەچوو، لەسەرپێشنیاری دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووی سکرتێری حیزب گەڵاڵە نامەی «سیا- می» واتە »سیاسی- نیزامی» پێشکەش بەئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کردووەودوای تاوتوێکردنی ناوەرۆکەکەی و دەسکاریکردنی بەرنامە بۆئەوەدانراوە، کە چۆن ئەندامانی (حدکا) بتوانن وەك ئۆرگانی بچووك بچووکی حیزبی بەچەکەوە بگەڕێنەوە بۆئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شانبەشانی ئەوەش دەست بکەن بە پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی پێویست و کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەستپێبکەنەوە، هەرکاتێکیش پێویستی کرد دەست بۆخەباتی چەکداری ببەن، کەچی ئەم پرۆسەیەش هەرلەسەرتاوە، بەمردوویی لە دایك بوو و نەتوانرا شتێکی ئەوتۆی لێ جێبەجێ بکرێت (قاسملو،زادە،2002،ل283). بەوەی کەسێکی وەك عەبدولڕەحمان قاسملوو وەك بەرپرسی یەکەم وخاوەنی بیرۆکەکە خۆی و محەمەد ئەمینی سیراجی لەگەڵ حەسەنی شەتەوی خوارزای بۆئەوروپا دەستنیشان دەکات ، ئەمەش جۆرێك لەڕەخنەو نارەزایی لای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەهێنێیەکایەوە (حیسامی:2018،ب2،ل1012-1013).

ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە دووکادیری پێشکەوتووی سەر بەڕێکخستنەکانی (حدکا)ی وەك کەریم نەستانی وئەحمەد نەستانی کەبەنیازی گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچنە سنوورو لەلایەن چەند چەکدارێکی سەر بە (ی.ن.ك)، بە سەرۆکایەتی ساڵح دەروێش قادرو فەقێ قادری کوڕییەوە لەناوچەی قەڵادزە بەفێڵ ئەودووکادیرەی دیموکرات لە 21ی ئەیلوولی 1977دا دەستگیردەکەن و دوای ڕووتکردنەوەیان بەقۆڵ بەستکراوی لەپاسگای بەردەپانی سنووریی پشدەرەوە ڕادەستی سازمانی ئەمنیەتی ئێرانییان دەکەنەوە (ئەمین:1997،ل202). دەزگای ساواکی ئێرانیش لە شاری سەردەشتی ئێران دۆسیە بۆئەودوو کادیرەی دیموکرات دەکەنەوەو ڕەوانەی زیندانی ورمێیان دەکەن وحوکمی کوشتنیان بەسەردا دەدەن، بەڵام توندبوونی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ئێران پێش بە جێبەجێکردنی حکومەکەیان دەگرێت (گەوهەری:2020،ل84). هەریەك لەوانەش تاکۆتایی ساڵی 1978 کە ، شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی بەرپابوو لە زیندانەکانی شادا هێڵرانەوەو لەگەڵ ئەوەشدا دەفتەری سیاسی (حدکا)یش بەوبۆنەیەوە ڕاگەیەنراوێکی لە 1ی تشرینی یەکەمی 1977دا دژ بە ی.ن.ك بۆڕای گشتی جیهانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵاوکردەوە (گادانی:2007 ،ب1،ل208-209؛ ئەمین،ل202) کەچی دواتر ی.ن.ك لە بڵاوکراوەی «دەنگی یەکێتی» خۆیداو سەبارەت بەم ڕووداوە نووسیبووی :« تاوانبارانی ئەم ڕووداوە حوکمی جەماوەری زەحمەتکێش و شۆڕشیان بەسەردا جێبەجێ کراوەو گوللە بارانکراون» (حیسامی:2018،ب2،ل1116).کەچی دواتریش دەردەکەوێت ،کە ئەو لێپێچینەوەیەی ی.ن.ك بەوشێوە نەکراوە، بۆیە دواتریش دەفتەری سیاسی (حدکا) لەسەرداوای دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووی سکتێری حیزب لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)داو لە 25ی مارتی 1978دا ئەو هەواڵە بەدرۆدەخاتەوەو ڕوونکردنەوەیەکیش لەوبارەیەوە بڵاودەکاتەوە (حیسامی:2018،ب2،ل282-283). هەروەها دکتۆر مەحموود عوسمانیش بەناوی:پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئامادەکردنەوەولەنامەیەکی دوورودرێژیدا کە لە6ی کانوونی دووەمی 1978دا بۆبەرپرسانی (حدکا) نووسیوە لەکۆتایی نامەکەیدا مەسەلەی ڕادەستکردنەوەی هەردووکادیرەکەی (حدکا) مەحکوم دەکات و تەنانەت ئەوانەشی کەئەم کارەیان کردووە بە« خۆفرۆش» ناو بردووە وەك ئەوەی لەم بارەیەوە نووسیویەتی:« هەڤاڵانی بەڕێز:

زۆربەداخەوە خەبەری ئەوەمان بیست کەچەند خۆفرۆشێك دوو هەڤاڵی تێکۆشەری ئێوەیان تەحویلی ڕژێمی شا داوەتەوە، ئێمە لەکاتێکدا ئەم کردەوەیە دژ بە کوردو جاسوسیانەیە بەتوندی مەحکوم دەکەین و دڵنیاتان ئەکەین کە پارتیمان درێغی ناکات لەبەشداربوون لەهەوڵدان بۆدەستگیرکردنی تاوانباران و بۆئەوەی کە سزای خۆیان وەربگرن و لەم ڕووەوە دڵنیاتان ئەکەینەوە»(حیسامی:2018،ب2،ل1094-1095).هەرچەندە ئەم هەلومەرجەش لەکاتێکدابوو،بەشێوازێکی گشتی بارودۆخی ناوخۆیی ئێران ڕۆژبەڕۆژ لە قەیران و بشێویدا بوو، بەتایبەتی لەشارێکی ئاوەدانی وەك تەبرێزی پایتەختی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتدا کاتێك لە11ی شوباتی1978دا بەبۆنەی چلەمین ڕۆژی قوربانیانی شاری قومەوە ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەربڵاو بۆسەربانکەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت سەرچاوەی گرت ولەئەنجامی ئەوشەڕوپێکدادانەی کە لە نێوان کۆمەڵانی خەڵك و هێزەکانی پۆلیسدا هاتەکایەوە، کۆمەڵێك کوژراووبریندداری لێکەوتەوە، کەسەرچاوە ئێرانییەکان بەسیازدە کوژراوو 125 بریندار خەمڵاندویانە، هەروەها بەپێی سەرچاوە دەرەکییەکان 75 کوژراوو 300 بریداربوون و نزیکەی 800 کەسیش لەدانیشتوانی ئەو شارە دەستگیرکرابوون(مستەفایی:2015،ل59-60). ئەگەرچی پێش ئەو ماوەیەش هەندێك بەربەرەکانی و پێکدادانی تری جەماوەری لەگەڵ هێزەکانی سەر بەدەسەڵاتی شاهنشاهی و لە شارەکانی تری ئێرانیشدا سەرچاوەیان گرتبوو، بەڵام بەلایەکی تردا ڕاپەڕینی جەماوەری شاری تەورێز سەرەتای وەرچەرخانێکی تری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بوو دژی فەرمانڕەوایانی ئێرانی و لە هەمانکاتیشدا دەنگدانەوەیەکی ناوخۆیی و جیهانی بەربڵاویشی لێکەوتەوە(تقی:2003،ص249؛قاسملو،زادە:2002،ل283-284). کە ئەمانەش بەچەند ساڵێك دوای ڕووداوی هێرشکردنە سەربازگەی (سیاهکەل)ی سەربازی باشووری گەیلان هات کە لە 8ی شوباتی 1971دا سەری هەڵدا، کە ڕێکخراوێکی وەك سازمانی فیدائییانی خەڵکی ئێران ئەنجامیدا، بەڵام لەڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی ودەزگای ساواکی ئێرانییەوە بەتوندی سەرکوتکرا(نادری:1388،ص189-238). لە هەمان کاتیشدا ژمارەکی زۆر لە ئەندامان و بەرپرسەباڵاکانی و لەدەرئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەسەڵاتدا کوژران ودەستگیرکران(حسین:2013،ص161). بەزۆری ئەمەش لە نموونەی ئەو ڕاپەڕین و وەرچەرخانەبوون، کە دەستەڵاتی سەرکوتکەرانەی محەمەد ڕەزاشای ئێرانیان هێنابووە لەرزین و بەتەواوی پێشبینی ئەوەشیان لێ دەکرا کە لە داهاتوودا گۆڕانکاری تریشیان بە دوادا بێت(حمەلاو:2017،ل179-180). بەجۆرێك هەر لەنموونەی ڕووداوگەلی لەم جۆرەبوون کەوا لەهێزی ئۆپۆزسیونی ئێرانی بکات زیاتر ڕووبەڕووی ڕژێمی ئێران ببنەوە،بەتایبەت لەساڵی 1977دا کە: «بەسەرەتای ڕووبەڕووبونەوەی شاو کۆمەڵانی خەڵك دادەنرا» (تقی:2003،ص249). ئیدی لەم کاتەشەوەو لەسەر داواکاری فەرمانڕەوایانی ئێرانی و بەپێی بنەما نهێنییەکانی ڕێککەوتنامەی جەزائیری 1975 حکومەتی عێراق لەتشرینی یەکەمی 1978دا بڕیاری لەسەر دوورخستنەوەی خومەینی دا، وەك ئەوەی ئەویش بۆماوەیەك، چووە کۆیتەوەو دوای ئەوەش، کە لەوێ ڕێگا بەمانەوەی نەدرا، بۆیە بەناچاری چووە وڵاتی فەرەنساو لە ناوچەی (نۆفل لۆشاتۆ) نزیکی پاریس و هەتا کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران لەوێ مایەوە (عاقلی:1390،ص1161؛خلیلی:؟،ص129).لەم ماوەیەش بەدواوە توانی بەوردی چاودێری بارودۆخی ناوەوەی ئێران بکات، ئەمەش لەکاتێکداو لەناوخۆی وڵاتێکی وەك عێراقی ئەوکاتەدا ئەوەی پێ نەدەکرا(ستار:2016،ل43)، هەروەها لەم ماوەیەبەدواوەو بەتایبەتی لەتەمووزی 1978دا، بارودۆخی ئێرانی پەهلەوی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی کۆمەڵانی خەڵك ژمارەیەکی زۆرلەشارەگەورەکانی ئێرانی گرتەوە لەنێویاندا شاری گەورەی ئەسفەهان، کە جەماوەر هێرشیانکردە سەر ئوتێلی شاعەباس و سووتاندیان جگەلە کۆمەڵێك بانکی حکومی و سینەمای جۆراوجۆر، بەڵام ڕژێمی شاهنشاهی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بارودۆخە ناچاربوو پەنا بباتە بەرحکومی سەربازی و سەرکوتکرنی کۆمەڵانی خەڵك کەچی لەولاشەوە کەسێکی وەك خومەینیش لە تاراوگەوەو لەڕێگای نەوارو کاسێتە تۆمارکراوو نامەکانییەوە، کە پێشتر لە نەجەف و دواتریش لە وڵاتی فەرەنسا زۆرجەختی ئەکردەوە لەسەر درێژەدان بە بەرگریکردنی بەردەوام وتێکۆشان بۆکۆتایهێنان بەدەستەڵاتی شاوحوکمی سەربازی، چونکە ئەوکاسێتانە لەناوخۆی وڵاتدا بەهەزارانی لەبەر دەگیرایەوەو لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاودەکرانەوە (تقی:2003،ص255-256؛گادانی:2007،ب1،ل218). وەك دەگوترێت لێرەبەدواوەو لەگەڵ سەرهەڵدانی تەوژمێکی ئایینی ئێرانیدا (حدکا)یش دەیەوێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات هاوکات و « خەباتی کەسایەتیەئایینەکان لەنێویاندا ئایەتوڵلاخومەینی بەخەباتکردنێکی ڕاست دەزانن و پشتگیری لێ دەکەن»(البحراني:2007،ص190-191). بەوەی تێکۆشانێکی لەم جۆرەش لەتوانایدا دەبێت کە هێزێکی نیشتمانی یەك بخات، هەرلەبەرئەوەش بووە، کە(حدکا) داوای پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی بکات بۆئەوەی هەموو حیزب و ڕێکخراوە، نیشتمانیەکانی ئێرانی لەخۆ بگرێت، بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمارێکی ئێرانی دیموکراتی (البحراني:2007،ص191).

لەکاتێکیشدا کە بارودۆخێکی ئەوتۆدێتە پێشەوە، هەربۆیەکەسێکی وەك عەبدولڕەحمان قاسملووی سکرتێری (حدکا) و بەرلەوەی بگەڕێنەوە شاری بەغداو لەوێشەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئەمیری قازی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)دا ڕێك دەکەون، کە پێش گەڕانەوەیان لە ئەوروپاوە بۆ عێراق و کوردستان سەرەتا هەوڵی ئەوەدەدەن کە بچنە وڵاتی فەرەنساوچاویان بە ئیمام خومەینی بکەوێت،کەلەم ماوەیەدا لە ناوچەی «نۆفل لوشاتۆ»ی نزیکی پاریس لەژێر چاودێری حکومەتی فەرەنسادا دەژیا، بۆئەوەی پشتگیری لەخەباتی گەلی کورد بکەن دژ بەسیستمی شاهنشاهی بەڵام تیایدا سەرکەوتوونابن، پاشان دەگەڕێنەوە عێراق و

لێرەشەوە پلانی ئەوەدادەنێن، کە چۆن لە چوارچێوەی پلان وکۆمیتەی «سیا- می»دا، بە چەند دەستەیەکی جیاوازو بەشێوازێکی نهێنی بیگەڕێنەوە ئێران و نێو شارو شارۆچکەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(قازی: 2014،ل192-193؛عیسی:1992 ،ص418). هەرچەندە بەمەستی گەڕانەوەو هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێکخراوەیی و سیاسی چەند هەوڵێکی پێش وەخت هەبوون بەتایبەتی ئەوسەردانیکردن و گەڕانەوەی، کە مەلارەسوڵی پێشنماز لە 25ی تشرینی یەکەمی 1977دا، بەهاوەڵی چەند کەسێکی دی کە تادەوروبەری میراوێی ناوچەی سەردەشت دەچن و دواتریش دەگەڕێنەوە، هەروەها دواتریش چەند کادیرێکی حیزبی وەك مەلاخدری دۆڵەگەرمی بەیاوەری دووهاوەڵی دی بەرەو ناوچەی بازاڕی سەردەشت ،بەڵام لەگوندی قوڵەسوێر هەست بەوەدەکەن، کە خەبەریان لێ دراوە بۆیە دووبارە دەگەڕێنەوە شاری قەڵادزەی باشووری کوردستان(گادانی:2007،ب1،ل 209). هەرچەندە لە هەندێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕێکخستنەکانی (حدکا)سەرەڕای ئەو لاوازییەی لە ڕیزەکانیدا هەیە، توانای ئەوەشیان نییە وەك  پێویست کاروباری ناوچەکوردنشینەکان ڕابپەڕێنن کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی بوژانەوەی زیاتر دەدەن « تەنانەت تەشکیلاتی بانە بۆخۆی تایپ و تەکسیر پەیدادەکات و نەشریاتی حیزبی خۆی بڵاودەکاتەوە»(گادانی:2007،ب1،ل207). بەڵام عەبدوڵلا حەسەن زادە باس لەوەش دەکات تەنیا کەسێك کە ئامادەبووبێت بێ قەیدوشەرت بگەڕێتەوە ناوخۆی وڵات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەویش سەیدرەسوڵی بابی گەورە(دهقان)بوو،کە لەبەهاری 1357دا بەتاقی تەنیا گەڕایەوە کوردستانی ئێران و بۆماوەی زیاتر لەدوومانگ لەناوچەکانی مەهابادو نەغەدەو پیرانشارو لە نێوکۆمەڵانی خەڵکدا کاری کردووە، هەروەها باس لەوەش دەکات کە مەلاحەسەنی شیوەسەڵیش یەکێك بووە لەوانەی کە بۆماوەیەك گەڕاوەتەوە وڵات و خۆشی بۆماوەی بیست ڕۆژ لەگەڵ سەیدرەسوڵدا سەردانی ناوچەی مەنگوڕایەتی و سەرشاخانی ناچەی مەهابادی کردۆتەوە (قاسملو،زادە:2002،ل285).

کەچی لەم سەروبەندەوە کە شۆڕشی گەلانی ئێران لەتەشەنەکردنێکی بەردەوامدا بووەو دکتۆرعەبولڕەحمان قاسملوو، کە گەڕابووەوە عێراق لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری کۆمیتەی ناوەندی حیزبدا دەیانویست بگەڕێنەوە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەم کاتەدا کەسێکی وەك عەبدوڵلا حەسەن زادە وەکوخۆی نووسیویەتی: « دکتۆر ئیسراری هەبوو هەرچی زووترە بگەڕێینەوە وڵات چونکە بەڕاشکاوی دەیگوت ڕاپەڕینی ئەمجارە شتێکی دیکەیە، شاحەتمەن دەڕواو ئەگەر ئێمە بەوەخت نەچینەوە نێوخەڵکی خۆمان سەرمان بێ کڵاو دەمێنێتەوە»(قاسملو وزادە:2002،ل285-286).بەوەی لەم کاتانەدا ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی دەچوونە پێش و تەنانەت (حدکا) کە لەودەمانەدا تاقەحیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کە بتوانێت تاڕادەیەك ڕۆڵ بگێڕێت ئەویش ئەوەندە لاواز بوو کەنەی دەتوانی وەك پێویست ڕۆڵێکی ئەتۆی نەك لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران، تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بگێڕێت، چونکە ئەم حیزبە دوای ئەولێدانە کوشندەی، کە لەڕاپەڕینی 1967-1968 بەدواوە بەری کەوت ئیدی ئەندامانی ئەم حیزبە لە عێراق و باشووری کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا بەردەوام بوون لە خەبات و بەشێوازێکی زۆرکەم نەبێت نەیانتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ڕۆژهەلاتی کوردستان دابنێن(عەبدولکەریم:2017،ل96). هەرلەخۆراش نییە کەسێکی وەك عەبدوڵلا حەسەن زادە لەم بارەیەوە بنووسێت:« بۆیە زۆرم نەگوتوە ئەگەر بڵێم وەختێك شا ڕووخالەڕاستیدا بەسەرماندا ڕووخا، چونکە لە هیچ بارێکەوە خۆمان بۆئامادە نەکردبوو،کادیری پێویستیشمان بۆ وەڵام دانەوەی ئەرکەکانی ئەوقۆناغە بۆ پەروەردە نەکرابووکە هیچ هەرنەشمان بوو» (قاسملو،زادە:2002،ل289-290). واتە (حدکا) دوای ساڵانێکی زۆر لەخەباتی نهێنی ئەوسا توانی دووبارە بگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکەم بەیاننامەی ئاشکرای خۆی لە 2ی ئازاری 1979دا لەمەیدانی وەرزشی شاری مەهاباد بەبەشداری هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنێت (قازی: 2014،ل201). هەرچەندە لەم کاتەداو لە گۆڕەپانی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جگە لە (حدکا) لایەنی دیش هەرلەمێژەوە سەری هەڵدابوو، هاوکات  لەم هەلومەرجەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیاتر برەوی سەندبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندام ولایەنگیری تایبەت بەخۆیان هەبوو لە نێویاندا (کۆمەڵە) کە هەر لەساڵی 1969دا لە نێوەندی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، وەك بزوتنەوەیەکی چەپی «مارکسی- لینینی»و لە ژێرکاریگەریی ڕێبازی ماویزمداو بەناوی (تەشکیلات)هەوە هاتبووە سەر گۆڕەپانی سیاسی و خەبات (عەبدولکەریم:2017،ل98). هاوکات کۆمەڵێك کادیروکەسایەتی چەپی کوردوغەیری کوردی وەك : « فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حسێنی کەریمی، عەبدوڵلای موهتەدی، موسلیح شێخولئیسلامی،سدیقی کەمانگەر، ساعیدی وەتەندوست، ئیرەجی فەرزاد،شوعەیب زەکەریا، فاتح شێخولئیسلامی، یەدوڵلا بیگلەری وحسێن موراد بەیگی» لە دامەزرێنەرە سەرەتاییەکانی بوون، بەڵام ئەمانە خۆیان بە بەدیلی (حدکا) نەدەزانی وهاوکات دووناوەندی سەرەکیان هەبوو، بۆمەسەلەی کارکردن و چالاکی سیاسی لەوانە (ناوەندی موکریان) لەگەڵ (ناوەندی سنە) و هەریەك لەوانەش لەلایەن دەستەیەك لە کادیرانی سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە خۆیەوە بەڕێوەدەبران(سەعیدی:2009،ل49-51). هەروەها ئیبراهیمی عەلیزادە باس لەوەش دەکات «ئەوکەسانەش کە کۆمەڵەیان پێکهێنا لە دەوری یەکتر پەیوەندییەکی بە خەباتی کوردایەتییەوە نەبوو» هەرچەندە لەوکاتەشداولەوقۆناغەی بارودۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا « لە ژێرکاریگەریی بیری ناسیونالیزمی کوردو ڕووداوەکانی کوردستانی عێراقدا حەرەکەتێکی دیکەش لە ئارادابوو»(سەعیدی: 2009،ل 51). تەنانەت بەشێك لەوانەش کە ڕوویان لە کوردستانی عێراق کردو پاشماوەی ئەمانەش کە لەنێو زانکۆیەکی بەرچاوی وەك تاراندا کۆڕوکۆبوونەوەی خۆیان هەبووەو لەگەڵ ئەوەشدا

پەیوەندییان لەگەڵ دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەشێوەیەکی ئاسایی هەبووە. بەڵام ئەوانەیان کە هاتبوونە عێراق و باشووری کوردستانەوە » لەژێرگوشاری مەلامستەفای بارزانی و لەسەرداوای ڕژێمی شادا کەوتوونەتە هەلومەرجێکەوە، کە بەناچارییەوە کوردستانی عێراق بەجێ بێڵن و دووبارە بگەڕێنەوە کوردستانی ئێران و چەك هەڵبگرن» (سەعیدی: 2009،ل51). بەوەی ئەمانە کۆمەڵێك کەسایەتی مارکسی. بوون و کەسانێك لە ڕیزکانیدا بوون،کە بەبیری کوردایەتی پەروەردە کرابوون وەك ئەوەی پێشتر باسی لێوەکراوە بەرلە سەرهەڵدان و دامەزراندنی کۆمەڵەو لە سالانی (1967-1968)دا بەتایبەتی ئەوانەیان کە باڵێکی چەپگەرای (حدکا) پێکهێنابوو، بزووتنەوە چەکدارییەکەیان دوای ماوەیەك لەلایەن ڕژێمی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوییەوە نوقمی خوێن کراو زۆربەی زۆری فەرماندە و کەسایەتییە دیارەکانیشیان لە ماوەیەکی دیاریکراودا کوژران و بەشێکییان بەناچارییەوەو دوای شکستهێنانیان خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتی شاهنشاهی کردەوە، هەروەها بەشێکی تریشیان دووبارە هاتنەوە ناوچەکانی باشووری کوردستان و ژێردەسەڵاتی شۆڕش ،جگەلەوەش دەستەیەکی تریشیان پەنایان بردەبەر باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی) لەناوچەی بەکرەجۆی شاری سلێمانی و لێرەبەدواوەو تاسەروبەندی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یازدەی ئازاری 1970 هەرلەوێ مانەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو فەرماندەی سەرەکی ئەم ڕاپەڕینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،کە سلێمانی موعینی بوو،لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ك)ی عێراقەوە لەنزیك گوندی «کانی بەردینە»ی ناوچەی ماوەت، لەگەڵ خەلیل شەوباشی هاوەڵیدا دەستگیرکران و دوای سەرنگونکردن وکوشتنی خەلیل شەوباش، بەپێی دانپیانانی مەسعود بارزانی تەرمی سلێمانی موعینی ڕادەستی فەرمانڕەوایانی ئێران کراوەتەوە، تەنانەت(پ.د.ك) خۆیان لە کاتی بەستنی هەریەك لە کۆنفراسی بەرلین و کۆنگرەی نۆیەمی پارتیدا کە لەساڵی 1979، لەناوچەی ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەستراوە، زۆربەڕاشکاوییەوە ڕەخنەیان لەوکاروتاوانەی خۆیان گرتووە(بارزانی:2004 ،ب3، ل191؛گەوهەری:2021،ل 197).

ئەوەبوو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ئێرانیش بۆماوەی نۆساڵی تەواوو پێش بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران هەربەنهێنی وبەناوی (تەشکیلات) مایەوە، تەنانەت بەدرێژایی ئەونۆساڵەش هیچ پەیڕەوو پرۆگرامێکی نووسراویان نەبووە،سەرەڕای خۆپارێزی لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی شاهنشاهی ئێران کەچی زۆرێك لەئەندامان ودامەزرێنەرانی ڕووبەڕووی زیندانیکردن بوونەوە، تاکو ئەوکاتەی بەهۆی نارەزایی وخۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، محەمەدڕەزاشا بەناچاری زۆرێك لەگیراوە سیاسییەکانی ئێران لەنێویاندا کادیران و ئەندامانی کۆمەڵەش ئازادکران. تائەوکاتەی لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەدواوەو لە15ی شوباتی 1979دا،تەشکیلاتی کۆمەڵە کۆتاییان بەخەباتی نهێنی خۆیان هێناو لەژێر ناوی :« کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - کۆمەڵە»دا خۆیان ئاشکراکرد، ئیدی وەك ڕێکخراوێکی کوردی و بە بیروباوەڕێکی چەپی مارکسیانەوە کەوتنەکارو چالاکی وجەماوەرێکی زۆرلەدەوری ڕێکخستنەکانیان کۆبوونەوە (حمەلاو:2017،ل509-510). بەڵام هەندێ سەرچاوە ئەوڕاگەیاندنە دەباتەوە بۆساڵێك پێشترو 26ی شوباتی 1978 بەکۆتایی خەباتی نهێنیان دەستنیشان دەکات و ئەو ڕۆژەش لەزمانی بەرپرسانیەوە بەڕۆژی (کۆمەڵە) دیاری دەکات (عبدالقادر:1988،ص155).کەچی لەسەروبەندی بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێرانییەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بوون بەخاوەنی هێزێکی چەکداری تۆکمەوتایبەت بەخۆیان و لەگەڵ ئەوەشدا کەوتنە دامەزراندنی لق وکۆمەڵەی جۆراوجۆری وەك(کۆمەڵەی جوتیاران) لەناوچەکانی مەریوان وسەقز ودرێژەدان بەخەباتی چەکداری (عبدالقادر:1988،ص155).هەروەها لەم کاتەش بەدواوە کۆمەڵە توانیویەتی وەك زمانحاڵ و ئۆرگانی ئاشکرای خۆی دووبڵاوکراوەی تایبەتی هەبێ بەناوەکانی (شۆڕش) و(خەبەرنامە)هوە بڵاویان بکاتەوە(حمەلاو:2017،ل510).

سەبارەت بە(حدکا) ومەسەلەی گەڕانەوەی سکرتێرو بەشێك لە بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادیرە باڵاکانیان بۆئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتنە ئەوەی سەرەتا لەشاری بەغداوە، کە ئەوکاتە ڕێگای هاتووچۆکردنیان بوو بۆدەرەوەو ناوەندی سەرەکیشیان لەوێ بوو، کۆمیتەیەك پێکبهێنن و بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕازی بوون لەسەرئەوەی کەناوی بنێن (کۆمیتەی زاگرۆس)،کە ئەمیش کۆمەڵێك سەلاحیەتی هەبێ وەك هەمان سەلاحیەتی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) وبەسەرسێ دەستەی سەرەکیدا دابەش بکرێن : «دەستەی یەکەم، عەبدوڵڵای حەسەن زادەو ئەمیری قازی، دەستەی دووەم،سەلیمی بابانزادە و هاشمی کەریمی و مەلاحەسەنی شیوەسەڵی، هەروەها دەستەی سێیەم، هەریەك لە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووی سکرتێری (حدکا) و سەید ڕەسوڵی بابی گەورە» پێکهاتبوون(قازی:2014،ل192-193؛کەریمی:2021،ل 224). لێرەش بەدواوە وەك قۆناغی یەکەم و بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆناوخۆی وڵات سەرەتا دەستەی یەکەم و دووەمیان لەشاری بەغداوە دەکەونە ڕێ و تادەگەنە شارۆچکەی (سەنگەسەر)ی قەزای پشدەر، لەوێشەوە بۆ ڕێنمایی هەریەك لەدەستەکان کەسانی شارەزای ڕێگاوبان ئامادە دەکەن.بەڵام هەردوو دەستەکە هەر لە باشووری کوردستان لێکدی جیادەبنەوەو بەنێو پایەگاو سوپای عێراقی سەرناوچەسنوورییەکانەوە ئەندامانی (کۆمیتەی زاگرۆس)بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبنەوە، بەجۆرێك لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییزی 1978دا، دوای چەند ڕۆژێك دەستەکەی ئەمیری قازی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە دەگەنەوە شاری مەهاباد، بەڕاوێژ لەگەڵ شێخ عیزەدینی حسێنیدا، کە لەوکاتەدا، وەك کەسێکی سەربەخۆو ئەندامی (حدکا)ش نەبووە، کەچی کارئاسانی و شوێنی مانەوەیان بۆدابین دەکرێت (قازی:2014،ل193-194؛ سەردەشتی:2003،ل393). هەرچەندە بەپێی پلانی پێشوەخت دەبوایە کادیران و دەستەگەڕاوەکان بەم شێوەیەو بەسەر شارو

شارۆچکەکانی ئەوکاتەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دابەش ببن و پەیوەندی بەئەندامانی ڕێکخستنی ناوخۆی وڵات و شارەکانەوە بکەن لەنێویاندا: حەسەنی شیوەسەڵی بۆشاری ورمێ، عەبدوڵڵاحەسەنزادە بۆمەهاباد، هاشم کەریمی بۆشاری سنە،ئەمیری قازی بۆکرماشان،سەلیمی بابانزادە بۆبۆکان، سەیدرەسوڵی بابی گەورە بۆ شارەکانی پیرانشارونەغەدە، دکتۆرعەبدولڕەحمان قاسملوو بۆ تاران، هەروەها محەمەد ئەمینی سیراجیش، کەدەزانێ بارودۆخەکە جیدییە ئەویش ڕاستەخۆ دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرپرسیارێتی سەقز دەخاتە ئەستۆی خۆیەوە(مستەفایی:2015،ل70؛گادانی :2007، ب1،ل224؛ کەریمی:2021،ل224).

بەماوەیەك پێشترو بە هۆی پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکانی ئێرانەوە کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی ئێرانی لەلایەن حکومەتی شاهنشاهییەوە ئازادەکرێن لە نێویاندا هەریەك لە غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی ،کە هەریەکەو نزیکەی(20-25) ساڵ لە زینداندا بوون، هەرچەندە ئەمەی دواییان بەهۆی نەخۆشی دڵەوەو لەسەر داوای ڕێکخراوی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ ئازاد کراو دواتریش هەر بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایکردو دوای گەڕانەوەی تەرمەکەی لەسەرپێشنیاری جەلیل گادانی و چەند هاوەڵێکی تری حیزبی لە شاری تارانەوە بۆکوردستان، لە لایەن جەماوەرێکی زۆرەوە پێشوازییەکی گەورەو بێ وێنەی لێکرا، هاوکات کەسایەتیەکی ناسراوی وەك سارمەدینی سادق وەزیری بەوتەودروشمەکانی هێنەدەی دی جەماوەری پێشوازیکەری جۆشداوەو دواتریش گەیەنراوەتە شاری مەهابادو لە گۆڕستانی شاری مەهاباد نێژراوە، ناشتنەکەشی وەك بۆنەیەکی نیشتمانی بەوتارخوێندنەوەو تەلقینەدانی بەزمانی کوردی و لەلایەن شێخ عیزەدینی حوسەینییەوە بەڕێوەچووە. بەڵام بۆ ڕۆژی سێیەمی پرسەکەی و سەرەڕای هەرەشەی سازمانی ئەمنیەت خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورەی لێکەوتەوە، کە بە هەزاران کەس تیایدا بەشداربوون و چەند وتارێکی جۆراوجۆر لەسەر گۆڕەکەی لەلایەن جەلیلی گادانی، حەوسەتی دەباغی، فەوزیەی جەوانمەردی و سلێمانی تیکان تەپەوە خوێندراوەتەوە، سەرەڕای ئەووتاردان و بەشداربوونەوی کۆمەڵانی خەڵك کە لەکاتی گەڕانەویاندا چوونەتە سەر گۆڕی کەسانی وەك سلێمانی موعینی و مەلامەحموودی زەنگەنەو ئەمەش بۆتەمایەی ئەوەی کە وەك سەرەتایەك خۆپیشاندانی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بکەوێتەوەو لە دەرئەنجامیدا کۆمەڵێك خەڵك کە ژمارەیان خۆی دەدا لە نزیکەی (40) کەس لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمی شاهنشاهییەوە دەستگیربکرێن وبخرێنە کونجی زیندانەکانەوە (گادانی:2007،ب1،ل220-221؛ قبادی:2015 ،ل142-143).ئەوەبوو دواتر بەشێك لە گیراوەکان بەهاوکاری و هەوڵی شێخ عیزەدینی حوسەینی ئازادکران و شازدەکەسیان نێردران بۆ زیندانی ورمێ و تەنانەت هەندێکیان بڕیاری لەسێدارەدانیان درابوو، بەڵام دوای چوارپێنج مانگ لەزیندانی کردنیان، بەهەوڵی جەماوەرو هەڵکوتانە سەرزیندانی ورمێ توانرا ئازاد بکرێن و بگەڕێنرێنەوە شاری مەهاباد

(گادانی:2007،ب1،ل221-222). دواتریش لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد چەند کۆبوونەوەیەکی تری نهێنی و ناڕەزایی دژی فەرمانڕەوایانی شاهنشاهی ڕێکخران و پاشان هەمووو ئەمانەش سەری کێشا بۆئەوەی کوردەکانی شاری تارانیش هەمان ڕێبازی ناڕەزایی بگرنەبەر، بەتایبەتی لەوکاتەیدا کە کەسێکی وەك تیمسار قەرەنی لەوتارێکیدا کە لە گۆڤاری (ئایندەگان)دا، بڵاوی کردۆتەوە هێرشی کردبووە سەرگەلی کورد، وەك ئەوەی لەنێو (هۆڵی فیردەوسی) زانکۆی تارانەوە کۆبوونەوەیەك بۆکوردەکان ڕێکخراو بناغەی (کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی شاری تاران) بەسەرۆکایەتی سارمەدینی سادق وەزیری دامەزرا، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی کوردستان و پشتیوانیکردن لە داخوازیەکانی گەلی کورد (ئەسکەندەری:2021،ل235). بەزۆری ئەوکەسەشی کە دەستی لەم کاروچالاکییانەدا هەبوو، جگە لە سارمەدینی سادق وەزیری، جەلیل گادانی بوو، بەجۆرێك هەر لەڕێگای ئەم کۆمەڵەیەشەوە بوو، کوردەکانی تارانیش بتوانن بەوتنەوەی سرودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب)، تێکەڵ بەوخۆپیشاندانانەی شاری تاران ببن و لەوەش بەدواوە «کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران» وەك ڕێکخراوێکی کوردی پشتگیری لەڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئەوشارە بکات ورێگای پێ بدرێت وتاری تایبەت بەخۆی هەبێت، جگە لەبڵاوکردنەوەی ئۆرگانێکی تایبەت بەخۆی بەناوی (تروسکە)،کە چەند ژمارەیەکیان بەکوردی وفارسی لێ بڵاوکردوەتەوە (گادانی:2007 ،ب1،ل223؛ سەردەشتی :2003،ل371).

ئەوەبوو هەرلەم سەروبەندەی کۆتایی بنەماڵەی پەهلەوی فەرمانڕەوادا سەرەڕای سەرهەڵدانی ڕێکخراوێکی چەپی وەك (کۆمەڵە)، هەروەها لاوازی (حدکا) و درەنگ گەیشتنیان بۆنێو ئاپۆرای ڕاپەڕینەکان و بەشداربوونی کاریگەر لەڕووخانی سیستمی شاهنشاهیدا لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك بۆچوون و ڕێکخراوی جۆراوجۆری نەتەوەیی و ئیسلامی ئیخوانی، هەریەکە بەفیکرو بە لێکدانەوەی خۆیەوە، هاتنە سەرگۆڕەپانی سیاسی و خەباتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردەوە لەوانە ڕێکخراوێکی ئاراستە ئیسلامی وەك ئەوەی شێخ جەلالی حوسێنی (1928-1979)، مەلاخدری عەباسی، کەریم عەزیزو سەید خەلیلی شەریفی ،کە بەناوی (سازمانی خەبات)هوە لەسنووری بانەو سەردەشت هاتەکایەوەو دروشمی سەرەکی « الله ئەکبەر شیعاری دینە، ئازادی گەلان هەوێنی ژینە» یان بەرزکردەوە (عبدالقادر:1988، ص157؛سەردار:2021،ل424-426).دواتریش بڵاوکراوەو ڕادیوی تایبەت بەخۆیان هەبووە (عبدالقادر،157-158). جگە لە ڕەوت و ئاراستەکانی تری وەك (مەکتەبی قورئان)، کەئەحمەدی موفتی زادەڕێبەرایەتی دەکرد، هەروەها ڕەوتی (ئیخوانی) ،کە بەزۆری مەلاناسری سوبحانی لە پێشەنگەکانی بوو(هوشمەند:2012،ل51-52). بەڵام لەم هەلومەرجەی کۆتاییەکانی حوکمی پەهلەویدا، کە هەندێك لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وکادیرە باڵاکانی (حدکا)، کە لە ئەوروپاو شاری بەغداو باشووری کوردستان بوون لەجیاتی گەڕانەوەی

خێرایان بۆ وڵات، کەچی چەند کەسێکیان بەتایبەتی ئەوانەیان لەشاری بەغداو باشووری کوردستان بوون لەم ماوەیەداو لە ڕێگای بەغداو بەئاسانکاری دەزگای هەواڵگری عێراقییەوە توانیان بچنە ئەوروپاو بەتایبەتی وڵاتی فەرەنسا لەنێویاندا مەلاڕەسوڵی پێشنمازو حەسەنی ڕەستگار، کە تاکو کاتی هەڵاتنی شاو ڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە دەرەوەی وڵات دەبن وهاوکات هەرلەوێشەوەو لەڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانییەوە گوێ بیستی ڕووخانی سیستمی شاهنشاهی ئێرانی دەبن(ڕەستگار:2021،ل435-439). بەڕادەیەک محەمەدڕەزاشا لەبەرانبەر هەموو ئەو ڕێکخراوو تەوژمەی جەماوەری ڕاپەڕیودا، کە ڕۆژبەڕۆژ هەموو شاروناوچەکانی ئێرانی دەگرتەوەو پەیکەرو وێنەی خۆی و باوکیان دەهێنایە خوارەوە، لەهاوین تا زستانی 1978دا سێ سەرۆک وەزیرانی وەک : جەعفەری شەریف ئیمامی و جەنەراڵ ئەزهاری و شاپوربەختیاری یەک بەدوای یەک گۆڕی کەچی هیچ کام لەوهەنگاوانەی دادیان نەداو تەنانەت لەلایەن زۆرێک لەوڵاتانی ڕۆژئاواشەوە هانی ئەوەیان دەدا،کە وڵات بەجێ بێڵێ و هەربۆیەئەویش بەناچاری سەرەتا کەوتە بەردانی زۆرێک لە زیندانیانی سیاسی و یەکێک لەوانەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان غەنی بلوریان بوو، کە لە زیندانی عادل ئاوای شیرازەوە، دوای سالانێکی زۆرو لەپێشوازییەکی جەماوەری (60) هەزار کەسییەوە گەڕایەوە کوردستان و دواتریش بۆ شاری مەهاباد (گادانی:2007،ب1،ل224؛ سەردەشتی:2003،ل 369). بەڵام درێژەی خۆپیشاندانەکانی ئێران و کوردستان وتائەوکاتەی کۆتایی بە سیستمی پەهلەوی هات بەردەوام بوو،جگە لەوەش کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) بەرلەوەی شاپوربەختیاری سەرۆک وەزیرانی ئێران وەک محەمەد ڕەزاشا وڵات بەجێ بهێڵێت لە 9ی شوباتی 1979دا، پەیامێکی ئاراستەی ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی کرد بە ناونیشانی :« نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆئیمام خومەینی». دواتریش لە ژمارە (54)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)دا بڵاوکرایەوە، کە تیایدا بەکورتی هەلومەرجی ئەوکاتەی ئێران و کوردستان و مافی نەتەوە جیاجیاکانی ئێرانی تیاروون کرایەوەو هاوکات شۆڕشی ئیسلامی بەموڵکی تەنها توێژو دەستەوگروپێکی دیاری کراونازانێ ، بەڵکو :« تەواوی خەڵکی ئێران بە بیروباوەڕی جۆراوجۆرەوە لەوڕێگایەدا زەحمەتیان کێشاوەو فیداکاریان کردوە بۆ دروستکرنی ئێرانێکی نوێ». هەروەها لەکۆتایی نامەو پەیامەکەشیاندا، بۆخومەینی دەنووسن :« حەزرەتی ایت الله جەنابت لەیەک ساڵی دوایی دا نیشانت داوە، کەدەتوانیت بەغیرەت و ئازایەتیەکی بێ وێنەوە لەگەڵ مەسەلەکان بەرەورووبی، وەرە ئەم بتەش کەناوی تۆمەتی جیاوازی خوازی ویەکێکە لەپاشماوەکانی ڕژێمی شوومی پەهلەوی تێک بشکێنەوبەناوی مرۆڤایەتی ودادپەروەری دیفاع لەمافەکانی گەلانی زۆرلێ کراوی ئێران بکە. دلنیابە مێژوو هەرگیز ئەوخزمەتە پرشنگدارەی لە بیرناچێت» (کوردستان،ژ54؛ سەردەشتی:2003،ل373). بەجۆرێک هەمان نامەو تەواوی پەیامەکانی (حدکا) لەساڵانی دواتر داو لەلایەن دکتۆرقاسملوو خۆیەوەو لە دووبەرگدا هەموو وەردەگێردرێنە سەرزمانی فارسی و بەناوی کۆشش لە پێناوی لێک گەیشتندا «تلاش درراه تفاهم»، لەساڵی(1981)دا هەموو بڵاودەکرێنەوە(تلاش:ج2 ،1359).

## تەوەری دووەم/ کاریگەریی حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان:

### یەکەم - یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

بە شێوازێکی گشتی تاکاتی پیلانی نێودەوڵەتی و مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر تەنها یەک حیزبی سیاسی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستاندا، کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەوانەی تریش، کە هەبوون بەزۆری لەنێو پارتیدا کاریان دەکردو تارادەیەک بەنهێنی چالاکی خۆیان درێژە پێدابوو، لەنێویاندا (کاژیک) و «کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان»، کە لە 10ی حوزەیرانی 1970 لە بەغدا دامەزرا (الخرسان:2001 ، ص328-329؛ ئۆمەر:2016،ل63) کە لەسەرەتادا وەک ئەڵقەیەکی ڕوونەاکبیری هاتەکایەوە و بەرەوی بەچالاکی خۆی دا(مێرگەسوری،ک نوێ،ژ1624).هەرچەندە پارتیش وەک حیزبێکی سیاسی لە ساڵی 1964 بەدواوە کێشەو ململانێیەکی بەرچاو لە ڕیزەکانیدا سەرچاوەی گرتبوو، بەڕادەیەک کارگەیشتە ئاستی شەڕی خوێناوی براکوژی ناوخۆو دواتریش جیابوونەوە لە یەکدی و پەنابردنی باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی) بۆ ئێرانی لێکەوتەوە، بەماوەیەک دواتریش دووبارە گەڕانەوەیان بۆ عێراق و باشووری کوردستان و ئینجا بوونە هاوپەیمانێکی سەرەکی حکومەتی عێراق لە ساڵی 1966دا، دواتریش یەک گرتنەوەیان لەگەڵ پارتی باڵی (مەلایی) لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی بەیانی ئازاری 1970 بەدواوە واتە لەوماوەیەوە، کە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو حکومەتی عێراق جۆرێک لە دانووستان لەنێوانیاندا هاتەکایەوەو هەردووباڵی سیاسی پارتی (جەلالی) و (مەلایی) بۆ جارێکی دی و لەچوارچێوەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیاندا، بەڵام دوای ئەوەی کە باڵی جەلالی ناوی خۆی بۆ (پارتی شۆڕشگێری کوردستان) گۆڕی و ئینجا یەکیان گرتەوەو بوونەوە بە یەک حیزبی سیاسی بەناوی (پ.د.ک) بەڕێبەرایەتی مەلامستەفای بارزانی (التاخی:1971،ع659). کەچی هێشتا سیقەی تەواوو بیروڕایەکی ئەوتۆ لە ڕیزەکانیدا نەهاتەکایەوە، کە باڵی مەکتەبی سیاسی جەلالیش بەتەواوی و تارادەیەکی باش لەنێوپارتیدا کاروباریان پێ بسپێردرێ، وەک ئەوەی پێشتر لەسەری ڕێککەوتبوون، کە پلەوپۆستی حیزبیان پێ بدرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە زۆرێک لە ڕێبەرە دیارەکانیان بەتایبەتی هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابەو عەلی عەسکەری لە ئەندامانی سەرکردایەتی و چەند کەسێکی تر لەوانەی کە لای سەرکردایەتی بارزانی خۆشەویست نەبوون،لای بارزانی و نزیک بارەگاکەی جێگیرکران (جەلال:1999،ل285).

هەرچەندە (پ.د.ک) لەڕێککەوتنامەی جەزائیربەدواوە، وەک هەرەسی عەسکەری ڕاگەیاندبوو ،کەچی نەخشەی سیاسی بۆدوای هەرەسی نەبوو، پێشمەرگەو خەڵک سەرپشک کرابوون

له هەڵوێستی سیاسیان، چ بۆمانەوە لە ئێران چ بۆگەڕانەوە بۆ عێراق،ئەودەم جگە لە ڕێکخستنە ئاشکراکانی (حشع)، ئەم ڕێکخراوە نهێنیانەش هەبوون، کاژیك، کە ئەمیش پاش ئەوەی هەڵوەشایەوە، پارتی سۆشیالیستی کورد - پاسۆك لە11ی ئەیلولی 1975 بەدواوە لە شاری کەرکووك جێگای گرتەوە(بەختیار: 2015،ل300؛فەقێ: 2018،ل92). شانبەشانی ئەویش حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی تری وەك کۆمەڵەی ماکسی- لینینی کوردستان، بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لەگەڵ هەندێك لە پاشماوەی قیادەی مەرکەزی (حشع)، کە ئەمانیش چالاکیان هەبوو(بەختیار: 2015،ل301). بەڕادەیەك ئەم هەلومەرجەش درێژەی کێشاوتائەوکاتەی هەربەپێی پیلانی جەزائیر کۆتایی بەشۆڕش وخەباتی چەکداری کوردهات وئیدی لێرەش بە دواوە حیزبی بەعس بەتەواوی ڕێگای بۆفەراهەم بوو، کە چۆن خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ لێدانی هێزەکانی ئۆپۆزسیون و هەموو ئەوانەی بەنەیاری خۆی دەزانین بەتایبەتی (حشع) ،کە لەوکاتەدا هێشتا خۆیان بە هاوپەیمانێکی سەرەکی بەعس دەزانی و هەمووبارەگاو ڕێکخستنەکانی لە ناوجەرگەی شاری بەغداو دەسەڵاتی بەعسدا بوون وەك ئەوەی وردە وردە کەوتە پاکتاوکردنی بزوتنەوەی شیوعیەت و ئەندامەکانی لەعێراقدا (فلاح،2006،ص108). بەتۆمەتی ئەوەی ئەمانە واتە (حشع) دەیانەوێت مەسەلەی بەرەی نیشتمانی ونەتەوەیی پێشکەوتنخواز وەك پەیژەیەك بەکاربهێنن بۆ گەیشتنە دەستەڵات، بۆئەم مەستەش حیزبی بەعس ڕێگای جۆراوجۆریان گرتەبەرلەم پێناوەدا، وەك لە ئایاری 1977دا (31) ئەفسەری سوپاری عێراقی بە تاوانی شیوعیەت ڕاپێچی زیندانەکان کردوهەموویانیان لەسێدارەدا (محمود:2013،ص127؛حەمەد:2019،ص89). دواترو لەساڵی 1978 بەدواوە بەتەواوی هەموویانیان بەرەو کوردستان و وڵاتانی دەرەوە وەدەرناو زۆرێکیشیان گیران و خرانە کونجی زیندانەکانەوە، بەم شێوەیەش بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخواز لەگەڵ حیزبی بەعسی۔ عەرەبی سۆشیالیست وەك بەعس لەڕاپۆرتی ناوەندی خۆیاندا «بە دەساوەردێکی نیشتمانی گرنگ لە یەکخستنەوەی کۆمەڵانی خەڵکدا وەسفیان دەکرد» (حزب:1985،ص183). بەتەواوی هەڵوەشایەوەودوا کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای بەرەش لەتشرینی دووەمی 1978دا کراو هەردوو وەزیرەکەی حیزبی شیوعی موکەڕەم تاڵەبانی و عامر عەبدوڵلا دەستیان لەکار کێشایەوەو ڕۆژنامەی (طریق الشعب) داخرا،بەڵام دوا دانیشتنیان لە ئاستی سەرکردایەتیدا، ئەوەیان بووکە بەئامادەبوونی سەدام حسێن و ئەمینداری نهێنی حیزبی فەرمانڕەوا لە کانوونی دووەمی 1979دا بەڕێوەچوو، پاشان عەزیز محەمەدی سکرتێری حیزب و (44) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی لەژێر چاودێری باڵوێزخانەی سۆڤێت لەبەغداو دەزگای هەواڵگری ئەووڵاتەدا، بەشێوازێکی ئاشکرا چوونەدەرەوە(محمود:2013 ،133؛فلاح:21006 ،ص110).

شانبەشانی شیوعیەکانیش ڕێگا خۆشبوو، بۆگیانی کادیران و ڕێکخستنەکانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی، بۆئەم مەبەستەش حیزبی بەعس بڕیارێکی دەرکرد بەوەی هەرکەسێك ئەندامی ئەو حیزبە بێت، ئەوا حوکمی لەسێداردانی بەسەردا دەسەپێنرێت (زاهدی:1373 ،ص135).بەوجۆرەو لەماوەیەکی دیاریکراودا توانیان ژمارەیەکی زۆریان لێ دەستگیربکەن ولەژێرئەشکەنجەو بەتۆمەتی ئەندامبوونیان لە حیزبی دەعوەی ئیسلامیدا لە ناویان بەرن لە نێویاندا محەمەد باقر ئەلصەدرو خوشکەکەی، بەوشێوەیەش زیندانەکانی بەعس سیخناخکران لە گیراوانی سەربە(حشع) و ئەندامانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی، لەم کاتەش بەدواوە جگە لە حیزبی بەعس و دەستنێژەکانی لە حیزبە کوردییەکانی وەك : پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، ماتۆڕییەکان ولەدوایشدا هەریەك لە تەها محێدین مەعرووف و بابەکر مەحموود پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانیش کرانە ئەندامی بەرە بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن،ئیدی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی ئەوتۆ لە عێراقدا نەماچالاکییەکی ئەوتۆی هەبێ (زاهدی :1373 ،135؛فلاح: 2006،ص178) جگە لەهەموو ئەوانەش کە سەدام حسین لە17ی تەمووزی 1979دا دەسەڵاتی گرتەدەست،ئەحمەد حەسەن بەکر لەسەرۆکایەتی کۆمار دوورخرایەوەو لە22ی تەمووزی هەمانساڵدا ولەئەنجامی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس کە لە هۆڵی (خولد)ی شاری بەغدا بەڕێوەچوو، بەتەواوی کەوتە پاکتاوکردنی هەموو نەیارەکانی لەڕیزەکانی حیزبی بەعس، بەوەلید مەحموودسیرەتی فەرماندەی فەیلەقی یەك و زۆرێکی تر لەفەرماندەباڵاکانی سوپا، وەك ئەوەی هەرهەموویانی گوللە باران و لە سێدارەدان، تەنها ژمارەکیان نەبێ، کە لەساڵی 1982دا ئازادی کردن(ئەمین: 1997،ل123؛علاوی: 2018، ج1،ص151).جگە لەوەش لەگەڵ دەسەڵات گرتنەدەستیدا سەدام دوومەرسومی کۆماریشی۔ ئیمزاکرد : یەکەمیان ژمارە1076 کە بەپێی ئەمەیان لێبووردنێکی گشتی بۆهەموو زیندانیانی سیاسی دەرکرد. دووەمیان ژمارە 1077 لێبوردنی گشتی بۆپێشمەرگەوهێزە ئۆپۆزسیونە کوردییەکان دەرکرد، کە لە دەرەوەی وڵات بوون، ئەگەر خۆیان بەدەستەوە بدەن ئەوا بەرلێبووردنی گشتی دەکەون(حەمەد: 2019،ل95-96).

سەبارەت بەکوردوبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە عێراق و بەتایبەتی دوای چەند مانگێك لە مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر هەلومەرجێکی تازەترهاتەکایەوە، کە ئەویش دامەزراندنی (ی.ن.ك) بوو، کە لە22ی ئایاری 1975دا لەشاری دیمەشق و بەتایبەتی لەئەنجامی ئەوکۆبوونەوەی ،کە سەرەتا لەلایەن چوارکەسی وەك : جەلال تاڵەبانی، دکتۆر فوئاد مەعسوم، عادل مورادو عەبدولڕەزاق فەیلی سەرچاوەی گرت و بەیاننامەی دامەزراندنەکەشی لەلایەن تاڵەبانی خۆیەوە بەزمانی عەرەبی نووسراو سەرەتا لەڕێگای سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی ئەوکاتەی سوریاوە بڵاوکرایەوە. دواتریش کە جەلال تاڵەبانی خۆی سەردانی ئەڵمانیای کرد، سیمنارێکی ڕاوێژکارانە لە بەرلینی ڕۆژئاوا سازکرد و دەقی بەیاننامەکەشی خوێندەوە بەپێی سەرنج و تێبینی ئامادەبووان سوکە پیاچوونەوەیەکی پیادا کراو «پەرەگرافێکیشی دەربارەی پشتیوانی (ی.ن.ك) لە تێکۆشانی کورد لە کوردستانی باکوورو ڕۆژهەڵاتی بۆ زیادەکرێت»، پاشان بەیاننامەکە

بەزیادکرنەکەیەوە ڕادەستی دکتۆرکەمال فوئادی کرا بۆ بڵاوکردنەوە، وەك بۆجاری دووەم و بەشێوازێکی بەرفراوان لە 1ی حوزەیرانی 1975دا بڵاوکرایەوە(ئەسەسەرد:2021،ل347-348؛ فەوزی،ژ4،ل152). بەساڵێك دواتریش دژی فەرمانڕەوایانی عێراق بڕیارلەسەر خەباتی چەکداری درا(طارمی:1382 ،ش61،ص167؛بەختیار: 2020،ل46). بەتێڕوانینی ئەمانیش هەڵاتنی بارزانی لەگۆڕەپانی خەبات تەنها هەڵاتنێکی سەرکردایەتی بووە نەك هەڵاتنی گەلی کورد(أطلاعات:1357 ،ش15806) لەگەڵ ئەوەشدا هەمان بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ك) بۆسەر زۆرێك لەزمانانی بیانی وەرگێڕدرا بۆنموونە لەلایەن دکتۆرکەمال فوئادەوە دەکرێتە ئەڵمانی، عومەری شێخ مووس دەیکاتە ئینگلیزی وهەریەك لە فوئاد حسێن و زاهیرحەمەدتەهای کۆیی (1946-1988) دەیکەن بەهۆڵندی، هەروەها کەمال بورقای لەڕێگای ڕۆژنامەی «ئوزگورلوك یولو» بۆ تورکی و حەسەنی قازیش لەدەقە ئینگلیزییەکەیەوە وەری دەگێڕێتە سەرزمانی فارسی(قاضی: 1356،ص3-11؛ئەسەسەرد: 2021،ب2،ل348). نەك هەرئەوەش بەڵکو حەسەنی قازی وەك کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشی هەرەزۆری دوکیومێنت وبەلاغەکانی تری (ی.ن.ك) کردۆتە فارسی و بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوی کردونەتەوەو پاشان هەر هەمووشیان لەکتێبێکی سەربەخۆداو بەزمانی فارسی بەناونیشانی : خەباتی میللی وخەباتی چینایەتی «مبارزەملی ومبارزە طبقاتی»هەوەبڵاوکردۆتەوە(قاضی: 1356،ص3-10). ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە (پ.د.ك) «لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە هەڵوەشێندرایەوەو شەڕبەتەواوی ڕاوەستاو دەبوایە بزوتنەوەیەکی سیاسی ڕێبەرایەتی خەباتی جەماوەریی چەکداری بکات»(فەیاز: 2009،ل218-219).ئەمەش لەکاتێکدابوو،بارزانی لەجێی دەستبەرداربوون، دەیتوانی درێژەبەخەبات بدات (أطلاعات: 1357،ش15806). بەجۆرێك هەرلە قۆناغی سەرەتاشەوە ئەندامەکانی یەکێتی لەوڵاتانی ئەوروپا کەوتنە ژێرچاودێری دەزگای ساواکی ئێرانییەوە(غەفور: 2012،ژ6،ل155).

لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی نیشتمانی یەکەمین ژمارەی زمانحاڵ و بڵاوکراوەی خۆی بەزمانی عەرەبی وبەناوی (الشرارة) لەژێر دروشمی گڵپە زادەی پریشکە« ومن الشرارة يندلع اللهيب» کە لەوتەیەکی بەناوبانگی ماوتسی۔ تۆنگەوە وەرگیراوە، لەتشرینی دووەمی 1975دا لە لوبنان چاپی کردووەو دواتربڵاوی کردۆتەوە(ئەمین:1997 ،ل74).کەتیایدا یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی هەر لە ژمارەی یەکەمیدا بەناوی دەستەی دامەزرێنەرەوە بڵاوکردۆتەوەو هەر لەسەرەتاشەوە هێرشێکی توندی کردۆتەسەر عێراق و ئێران و ڕێککەوتنامەی جەزائیری نێوانیانی بە کارێکی خیانەتکارانە ناوزەدکردووە بەرانبەر بەگەلی کوردو چارەسەرنەکردنی دۆزی کورد لە عێراق(الشرارة: 1975،ع1). جگە لەوانەش زۆری پێ ناچێت تاڵەبانی کتێبێکیش هەربەزمانی عەرەبی بڵاودەکاتەوە بەناونیشانی: «الاتحاد الوطني الكردستاني... لماذا؟»(مجيد: 2017،ص23-51) و دواتر کتێبی نێوبراو لەناوەوەی کوردستان و بەناونیشانی : «یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ» لەلایەن شاسوارجەلال (ئارام)هوە، وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و دووجار بە تایپ وبەڕۆنیوش چاپ دەکرێتەوە(بەختیار: 2020،ل54). سەرەڕای بڵاوکردنەوەی پرۆژەو پەیڕەوێکی ناوخۆی (ی.ن.ك)کە دەستەی دامەزرێنەر لەکۆبوونەوەی ئەیلولی 1976دا بڕیاری لەسەردابوو، کە تاکاتی بەستنی کۆنگرەی یەکەم کاری پێ بکرێت(مجيد: 2017،ص52-79). هەروەها لەمانگی ئابی 1975دا عومەری شێخ مووس وەك بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی (ی.ن.ك) و لەسەر ڕاسپاردەی یەکێتی لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سوێد و لە ماڵی ئەمیری قازی چاوی بەشاندێکی باڵای (حدکا) دەکەوێت، کە پێکهاتبوون لە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملووی سکرتێری (حدکا)، ئەمیری قازی، کەریمی حیسامی، محەمەدی موهتەدی، حەسەنی شەتەوی و دکتۆر کەریمی پیرۆتی کە لە نەمساوە هاتبووە سوێدو سەرگەرمی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) بوون (ئەحمەد: 2011،ل118). هەروەها شێخ مووس لەسەر ڕاسپاردەی یەکێتی دەڵێت : «باسی ئەوەم لەگەڵ کردن ئەگەر ئەوان نیازی خەباتی چەکدارییان هەبێت ئەوا یەکێتی خەباتی چەکداری ناکات و پلانی خۆی دوادەخات»(ئەحمەد: 2011،ل118). بەڵام لەبارەی جۆری هاوکای و بەتەنگەوەچوونی یەکترەوە هەریەك لە (حدکا) و (ی.ن.ك) و کوردەکانی باکوری کوردستان و ڕۆژئاواوە لەسەر ئەوەڕێك دەکەون، کە کۆمیتەیەکی هاوبەش بەناوی «کۆمیتەی هاوکاری کوردستانی» دابمەزرێنن و دواتریش بۆهەمان مەبەست لە سوریاو بەیروت و پاریس کۆدببنەوە، بە زۆری لەسەرئەوە ڕێك دەکەون کە لەگەڵ کوردەکانی تری بەشەکانی کوردستاندا یاداشتنامەیەکی هابەش بۆڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەرزبکەنەوە، بەڵام لەدوایداو بەپێی گێڕانەوەی عومەر شێخ مووس، (حدکا) لەترسی بەرپرسانی حکومەتی عێراق کە ئەوکاتە بارەگای سەرەکیان لەبەغدا بووە، لەڕێککەوتننامەو بەزکردنەوەی یاداشتنامەکە کشاونەتەوە(شێخ موس:2021،دیدەنی).

شایانی باسە ئەوەی کەزیاتر بووە هۆی بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی (ی.ن.ك)، کە وەك حیزب و بەرەیەکی سیاسی بەهێزبێتەوە بەرچاو ئەویش هاتنەڕیزەوەی هەریەك لە (کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان)و (بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان)بووە، کە ئەمەی دواییان بەماوەیەك دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیرو بەناوی بزوتنەوەی ڕاستکردنەوە (الحركة التصحيحيه)، بەچاولێکەری حیزبی بەعسی۔ سوریا دامەزرابوو،کە گوایە چەوتی ولادانە سیاسیەکانی پارتی ڕاستدەکەنەوە(ئەمین: 1997،ل45؛ نێروەیی: 2008،ل64).بەڵام لە نیسانی 1975داو لە شاری ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی خۆی بەئامادەبوونی کۆمەڵێك لە کادیرانی دیاری ئەوکاتەی نێو هەردوو باڵی پارتی (مەلایی وجەلالی) وەك : عەلی عەسکەری، خالید سەعید،عەلی هەژار، ئیبراهیم ئەحمەد، کاردۆگەلالی،جەمال ئاغا، ڕەسوڵ مامەند،مەلا

ناسیح،عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، سەلیم ئاغۆك و کەمال محێدین لەماڵی عومەردەبابە گرێداوەو بوون بەبزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان(دیدەنی، محێدین: 2021؛ عبدولکەریم: 2011،ل39). دواتریش لەسەرپێشنیاری جەلال تاڵەبانی و لەئەنجامی ئەوسەردانەی کە عومەر دەبابە لە 6ی تشرینی دووەمی 1976دا، کردوویەتی بۆ دیمەشق بزوتنەوە چووەتە نێو نیمچە بەرەی (ی.ن.ك)و شانەبەشانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی بوون بەئەندام لەوبەرەیەدا(الخرسان:2001،ص486-487؛عەبدولکەریم: 2012،ل56). لەڕاستیشدا ناردنەکەی دەبابە بۆدیمەشق بەزۆری لەسەرپێشنیار وڕاسپاردەی حکومەتی عێراق بووە، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی تاڵەبانی لەدەستدانە هەرکارو چالاکیەکی سیاسی و حیزبی دژی حکومەتی عێراق ،هەرچەندە تاڵەبانی وەکوخۆی باسی لێوەدەکات : جگە لە عومەر دەبابە ئەونامەی تایبەتی بۆکەسایەتییە دیارەکانی تری نێوبزوتنەوەی وەك عەلی عەسکەری و دکتۆرخالید نووسبوو، بۆئەوەی پەیوەندی بەبەرەی (ی.ن.ك) بکەن وەك ئەوەی ئەوانیش وەڵامێکی ئەرێنیان هەبووە لەوبارەیەوە (کوردستانی نوێ: 1996،ژ1298). واتە لێرە بەدواوە بەسەریەکەوە دەکرێت بوترێت یەکێتی نیشتمانی لەسێ ڕەوتی سەرەکی پێکهاتبوو لەوانە:

یەکەم: کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان.

دووەم : بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان.

سێیەم:هێڵی گشتی«دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتمانی»(حەمەد: 2019،ل41-51).

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەوکادیرو کەسایەتییانەی کورد ،کە تائەوکاتە وەك پەناهەندە لە ئێراندا مابوونەوە، فەرمانڕەوایانی ئێرانیش دەیانویست ڕۆژێك زووتر لەکۆڵ خۆیانیان بکەونەوە، جابۆیە ڕێگەیان پێ دەدان بۆئەوەی لە ئێرانەوە بچنە سوریاو لەوێشەوە پەیوەندییان بە (ی.ن.ك)هوە دەکرد، وەك عادل موراد لەم بارەیەوە دەڵێت :« دێتەوە بیرم هەموو هەفتەیەك لە دیمەشق تەیارەی ئێرانی دووجار ئەهات و هەرتەیارەیەك پێنج شەش کەسێکی ئێمەی تێدابوو، ئیتر ئێمەش وەرماندەگرتن و ڕێکماندەخستن و شوقەمان بۆیان ئەگرت، ئەوانەی عەسکەری بوون مەشقمان دەدایە ئەو زابتانەی کە بە پاڵەوان دەرچوون، وەکو حەسەن خۆشناو، سەید کەریم،حەیدەر تۆفیق،سامان گەرمیانی،مولازم جەمال خۆشناو،حەسەن فەیزوڵلاو مەعاون قەرەنی وسەدان کوردی یەزیدی، ئەوماوەیە ئیشی ئێمە ئەوەبوو، کە پێشوازیمان لە خەڵك دەکردو ڕێکمان دەخستن، چونکە ئەترساین دەزگای ساواك دەستگیریان بکات» (موراد: ل160).بەزۆری هەمووئەمانەش لەوکادیرە سەرەتاییانە بوون،کە بۆجاری یەکەم لەئێرانەوە گەیشتنەوە سوریا (خانی:1996،ك.ن،ژ1624). بەڵام هەرلەسەرەتاوە یەکەمین لێدانی کوشندە، کە ڕووبەڕووی یەکێتی وبەتایبەت باڵی کۆمەڵەی بووەوە ئەویش دەستگیرکردنی پێنج کەس لەڕێبەروسەرکردە دیارانەی بوو، کە دوای دەستگیرکردنی یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوی بزوتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی (الحرکە الاشتراکیة العربیة)، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەشدا هەبووەو ئیعتراف لەسەر ڕێکخستنەکانی ئەمانیش دەکات(عومەر:2011 ،139-140؛ئەمین،2014،ل90). سەرەڕای دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە کادیران و ئەندامە دیارەکانی تری کۆمەڵە لە بەغدا، ئیدی ئەمانیش بەمەبەستی خۆدەربازکردن و چوونە سوریا ڕێگای ئێران دەگرنەبەر، تائەوکاتەی لەنێوخاکی ئێرانداو لە 20ی ئەیلوولی 1975دا، لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێران و مەرزەبانی گوندی (چەمپاراو)ی شاری بانەو فەرمانڕەوایانی ئێرانییەوە دەستگیردەکرێن و بۆ ڕۆژانی دواتر دەگوازرێنەوە دەزگای ساواکی بانە،دوای لێپێچینەوەی تەواو لەگەڵیاندا، دەگوێزرێنەوە بۆزیندانی شاری سەقز، کەچی دوای ماوەیەك هەریەك لە ئەرسەلان بایزوئاوات عەبدولغەفووریش هەر لەترسی ڕاوەدونانی بەعس هەمان ڕێگای ئەوان دەگرنەبەر (کوردە:2019،ل18-19).بەڵام لەبەرئەوەی قاچاغچیەکەیان لێیان پەشیمان دەبێتەوە، خۆیان ڕادەستی بنکەی چەمپاراوی شاری بانەدەکەن، دوای دەستگیرکردنیان لەلایەن ساواکەوە ئەوانیش دەگەیەنرێنە زیندانی سەقزو پێکەوە بۆماوەی چوارمانگ لەوێ دەمێننەوە،پاشان دەگوێزرێنەوە بۆ سنە و تائەوکاتەی لە 2ی کانوونی دووەمی 1976دا دەگەیەنرێنە بنکەی پۆلیسی (بناوەسووتە)ی نێودەوڵەتی و پاشان بۆ شارۆچکەی (پێنجوێن) کە ژمارەیان (7) کەس بوون (بەرزنجی:2017 ،616-627؛ بچکۆل،2018،ل101-108). بەپێی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی جەزائیری 1975 کە هێشتا وردەکاریەکانی لەنێوان هەردوولا بەتەواوی جێبەجێ نەکرابوو، ڕادەستی حکومەتی عێراق دەکرێنەوە، تەنانەت لەشاری (پێنجوێن) هەموو پۆلیسە کوردەکانی پۆلیسخانەکە بەپێی بروسکەو فرمانێکی خێرای ئەمن و هەوالگری پارێزگای سلێمانی دووردەخرێنەوەو ئەفسەرو پۆلیسی عەرەب چاودێرییان دەکەن (پێنجوێنی،2012،ل235). تائەوکاتەی بۆ ڕۆژی دواترو لەلایەن دەزگای ئەمنی سلێمانیەوە دەهێنرێنەوەو پاش لێکۆڵینەوە دەبرێنە کەرکووك و دواتریش بۆبەغداو دوای دادگایی کردنیان سێ کەسی دیار لە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمەڵە، بەتایبەت هەریەك لە : شەهابی شێخ نوری و جەعفەر عەبدولواحید لەگەڵ ئەنوەر زۆراب، کە لەلایەن فەرمانڕەوایانی عێراقەوە لەسێدارە دران و ئەوانی تریشیان کە هەریەك لە :« عومەری سەیدعەلی، فەرەیدون عەبدولقادر، ئەرسەلان بایز، ئاوات عەبدولغەفوروعەلی بچکۆل» بوون هەریەکەو بە شەش ساڵ حوکمی زیندانی کردنیان بەسەردا سەپێنرا (بچکۆل:2018 ،116-118-2018؛عومەر:2011 ،406).جگە لەچەند کەسێکی تر هەموو لە کادیران و بەرپرسە باڵاکانی کۆمەڵەو (ی.ن.ك) بوون، ئەوەبووهەر هەموویان لە11ی تەمووزی 1976دا، بەپێی مادەی (175) برگەی (403)یاسای عێراق دادگایی کران وحوکم دران. هەرچەندە (ی.ن.ك) لەدەرەوەی وڵات و لەڕێگای ڕێکخستنەکانی خۆیەوە هەوڵێکی زۆریاندا بۆئازادکردن و جێبەجێنەکردنی فەرمانی لە سێدارەنەدانیان لەلایەن فەرمانڕەوایانی عێراقەوە (الشرارة:1976 ،ع4).

تەنانەت جەلال تاڵەبانی وای دەگێڕێتەوە، کە هەوڵەکانی ئەوان لە ڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە گەیشتۆتە ڕادەی ئەوەی کەسێکی وەك شێخ شەهابی شێخ نووری بکرێت «بەزیندانی ساڵ و ناوی بڵاوبکرێیەوە» (مام:2017 ،ب2،ل110).وێڕای ئەوهەوڵانەی کە بنەماڵەی جەعفەر عەبدولواحید لای تەها محێدین مەعروفی جێگری سەرۆك کۆمار کە پێی وتبوون «دەسەڵاتم نییە»(عوسمان،2020،ل138).هەروەها چوونیان بۆلای خەیرولڵاتولفاح و ئەونامەیەشی، کەجۆرج حەبەشی سەرۆکی بەرەی میللی فەلەستینی بۆسەدام حسێنی نووسیبووی، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت :« ئەگەر ئەوان نامەیەك بنووسن و پەشیمانی ودڵسۆزی خۆیان بۆبەعس دەربڕن» ئێمەیش حوکمەکەیان لەسەر کەم دەکەینەوە، هەرکە ئەمە دەگەیەننە جەعفەر عەبدولواحیدو شێخ شەهاب لەزیندان ئەوە قبووڵ ناکەن وبەتوندی بەرپەرچی دەدەنەوە (عوسمان،2020،ل139). سەرەڕای ئەو هەوڵانەشی،کە خانەوادەوخێزانی شێخ شەهابی شێخ نووری داویەتی لە ڕێگای دکتۆرقاسملوو و (حدکا)هوە، هەروەها کەسێکی وەك کەریم حیسامی، بۆئەوەی لەڕێگای باڵوێزخانەی سۆڤێتەوە کە کەریم حیسامی پەیوەندییەکی زۆرباشی هەبووە گەڵیاندا بۆئەوەی ئەوانیش هەوڵی ئەوەبدەن،کەشێخ شەهاب لەسێدارنەدەن، تەنانەت کاریگەریی ئەم بارودۆخەش بەپێی گێڕانەوەی مەلامحەمەدی شەڵماشی ئەبێتە ئیلهام و هەوێنی ئەوەی، کە شاعیری ناسراوی کوردو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێمن موکریانی هەڵبەستێکی کاریگەر بەوبۆنەیەوە بهۆنێتەوە(مەحمود وجەلال،2021،ل715-716).بەناونیشانی : «عیشق و ئازادی» و دواتریش هێمن لەکاتی گەڕانەوەیدا لەعێراق و باشووری کوردستانەوەو لەکاتی نزیك بوونەوەو سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێراندا ساڵی (1978) بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی (زەڵێ) هەمان هەڵبەست بۆجەلال تاڵەبانی سکرتێری (ی.ن.گ) و دەستەیەك لەکادیران و ئەو فەرماندانەی لەگەڵی بوون دەخوێنێتەوە وەك لەبەیتی یەکەمیدا هاتووە :

« ئەگەرچی شەودرەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوائیمشەو سەری هەڵدا لەناخمدا خەمێکی تر»(ئەحمەد:2011،ل144-145؛هێمن: 2005،ل265)

کەچی دواتریش لەلایەن سەرکردایەتی کۆمەڵەو بەتایبەتی لەلایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە کە »ڕاپۆرتی شوبات» یان هەندێ جاریش کە دەگوترێت «بەیانی شوبات» لەساڵی 1976دا بڵاودەکرێتەوە، ئەم هەڵوێستەش لەلایەن کۆمەڵەوەو بەپێی گێڕانەوەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی لەلایەك باریانی لە نێو کونجی زینداناو لەکاتی دادگایی کردندا قورسترکردوە، هاوکات هێرشێکی زۆریشیان کردونەتە سەرو وەك ڕێکخستنێکی حیزبی باسیان لێوەکراوە، بەتایبەتی بۆسەر« شەهاب و برادەرەکانی و ڕاستی و واقعی ئەوکاتەیان شێواندوە» بەڕادەیەك بەبەرپرسان و حکومەتی عێراقیان ڕاگەیاندوە : « کە ڕێکخستنێك هەیە کە شەهاب لێپرسراوێتی». هەرچەندە شەهاب و جەعفەروهاوڕێکانی بەپێی لێکدانەوەی باوکی ئاوارە لە زینداندا « نەبەزانە بەرگەی دڕندانەترین شێوازی ئازاردان» و تاڵەبانیش دەڵێ بەرگرییەکی «قارەمانانەیان» کردووە(ئاوارە:1979 ،ژ6،ل9-16؛مام: 2017،ب2،ل106). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دانیان بەوەدا نەناوە کە ڕێکخستنی حیزبی بن، بەڵکو وتویانە » کۆمەڵێکی مارکسی_ لینینین و ئەڵقەی ڕۆشنبیریان هەبووە»(مام: 2017،ب2،ل106-107). بەڵام دەق ڕاپۆرتی شوبات هەرچەندە لە ئینسایکلۆپیدیای (ی.ن.ك) و پێشتر باوکی ئاوارە،لەژمارە(6)ی گۆڤاری کۆمەڵەدا لەسەریان نووسیوە،بەڵام دەقەرەسەنەکەی بەپێی سۆراخکردنی توێژەر تائێستاش بەردەست نیە بۆئەوەی بەوردی لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت وناوەرۆکەکەی زیاتر لێك بدرێتەوە (ئەسەسەرد: 2021،ب2،ل914-916؛ئاوارە: 1979،ل9-16)..تەنانەت ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەماوەیەك دواترو لە ژمارە(8)ی گۆڤاری کۆمەڵەدا ڕوونکردنەوەیەکیان سەبارەت بەنووسینەکەی باوکی ئاوارە بڵاوکردۆتەوە،بەوەی ئەو نووسینە، کە لەژمارە(6)ی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە،«ڕای نووسەرخۆیەتی وبەس» (کۆمەڵە:1980،ژ8،ل27).

ئەمەش لە کاتێکدا بوو،کە لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی وکەسێکی وەك فەرەیدون عەبدولقادرەوە، کە یەکێك بووە لە گیراوەکان وپێشتر سەردانی وڵاتی شام و ئەوروپای کردبووچاوی بە جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا ئەمین کەوتبوو و لەگەڵی دانیشتوون و پێیان ڕاگەیەندرابوو، کە بەهیچ جۆرێك و بەمەستی دەرچوون لە عێراق و کوردستان و لەکاتی هەر مەترسیەك و بۆهەرمەبەستێك بێت، ئاوا نابێت ڕێگای ئێران بگرنەبەر بەڵکو هەرحاڵەتێکی نەخوازراوی واشتان تووش هات ئەوا ئەبێت خۆتان بشارنەوە یان بچنەشاخ یاخود ڕێگای بیابانی سوریاوئوردن بگرنەبەر بۆچوونەدەرەوەودەربازبوون نەك ئێران وەك چۆن دواتر سێ ئەندام و کادیری دیاری پێشکەوتووی سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی وەك :« ئەنوەر شاکەلی (فەرهاد)، ئیبراهیم عەزۆو ئیبراهیم عەبدعەلی» کە دوای دەستگیرکردنی هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵە لەبەغدا بەتایبەتی ئەنوەر زۆراب ئەمانیش توانیان خۆیان بگەیەنن بە ئەنبارو دواتریش هەربەپیادەولەڕێگای پارێزگای ئەنبارو بیابانی سنووری و نێودەوڵەتی سوریاوە بەسەرکەوتویی خۆیان بگەیەننە وڵاتی شام و لەوێشەوە بۆ قامیشلی(،شێخ موس: 2021، دیدەنی). هەرچەندە شێخ مووس زۆر جەخت دەکاتەوەو دەڵێ : تائێستاش نازانم ئەودەستەیەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆڕێگای ئێرانیان گرتەبەر و وەك لوغزێك ماوەتەوە، هەرچەندە هەندێکیان دەیانگوت ئێمە قەناعەتمان وابوو ڕێگای ئێران باشترە، لەبەرئەوەی هێشتا پەنابەرێکی زۆری کوردی عێراق لە ئۆردوگاکانی ئێراندا مابوون، دەمان گوت لەنێوئەوانەدا خۆمان دەشارینەوە، تەنانەت لەسەر دانێکیشیدا کەسێکی وەك عیسا پژمان وەك بەرپرسێکی باڵای دەزگای ساواکی ئێران لەم ماوەیەدا سەردانی لەندەن دەکات و چاوی بەئیبراهیم ئەحمەد دەکەوێت و لەڕێگای ئەویشەوە سەردانی دکتۆرکەمال فوئاد دەکات لەئەڵمانیا بۆ ئەوەی وابکات (ی.ن.ك) پەیوەندیان لەگەڵ ئێراندا هەبێت، کەچی دکتۆر کەمال فوئاد، بەپێی

گێڕانەوەی شێخ مووس زۆربەڕەقی وەڵامی دەداتەوەو ئاگای لەوەنەبووە ،کە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمەڵە لەئێران گیراون و لەزینداندان، جابۆیە هیچ بە دووری نازانم ئەمەش زیاتر باریانی لای ئێرانییەکان قورستر کردبێ، هاوکات دوای بێ ئومێدبوونی دەزگای ساواکی ئێرانی وعیسا پژمان لە(ی.ن.ك) ئەمانەی ڕادەستی بەرپرسانی عێراق کردبێتەوە، چونکە لەوکاتەدا یەکێتی خۆی بە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕدەزانی و تەنانەت لەڕاگەیاندنەکانیدا هێرشێکی زۆرتوندی دەکردە سەرئێران (شێخ مووس:2021،دیدەنی).

هەرچەندە زۆریشی- پێ ناچێت دەستەیەك لەڕێکخراوی نهێنی(هەڵۆی سوور) بەسەرۆکایەتی مولازم جوامێرسایەمیرمەندەلاوی (1947-1978) لەنێو جەرگەی شاری بەغداو لەپلانێکی نەخشە بۆدارێژراودا دەتوانن کەسێکی وەك عوسمان محەمەد فایەق(1939-1977)،سەرۆکی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و زاوای حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری (پ.د.ك)، کەیەکێك بوو، لەهاوڕێ نزیکەکانی سەدام حسێن(عبدالجبار،داود:2006 ،2006،322؛ شەریف،2007،ل167). لە 16ی حوزەیرانی 1977دا لە گۆڕەپانی خەلانی شاری بەغدا بکوژن، کە بۆئەوکاتە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ڕاگەیاندنەکانی عێراق و ناوچەکەدا هەبوو(عەزیز:1980 ،کۆمەڵە،ژ8؛عارف،2018،ب2،ل11-13). کەلەتۆڵەی ئەوەشدا دەزگائەمنییەکانی حیزبی بەعس هەموو فەرمانبەرەکوردەکانی نێودەزگای ڕۆشنبیری کوردیان دەستگیرکردو تەنها چەندکەسێکی سەربەخۆیان نەبێت، کە بۆماوەیەکی زۆرلەزینداندا هێڵرانەوە (أكبر،2020،ص139-140؛شەریف،2007،ب2،ل169-170)،هەروەها هەموو ئەمانەش لەکاتێکدا بوو، کە هەرلەسەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ك)، زۆر بەئاسانی دەزگای هەواڵگریی عێراق لەڕێگای کەسێکی وەك مونزیر موزەفەر نەقشبەندی (1949)هوە، دزەیان کربووە نێو ئەندامان و ڕێکخستنەکانی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) و لە زۆربەی زۆری کۆبوونەوەکانیدا بەشداری دەکردو لەنێویاندا هەریەك لەجەلال تاڵەبانی،عومەری شێخ مووس،نەوشیروان مستەفاومەلابەختیاریش بەتەواوی دان بەمەیاندا دەنێن، تەنانەت جەلال تاڵەبانی خۆی لەبارەیەوە ئەڵێت :« بەڕاستی لای من ئەوەندە هاتبووە پێشەوە، ئەگەر بیویستایە دەیتوانی بمکوژێت، گەلێك جار بەیەکەوە دەچوین بۆلوبنان و ئەوئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی»(مام:2017 ،ب2،ل42؛ ئەمین:1997 ،ل87). دواتروبەپێی گێڕانەوەی شێخ مووس (قیادە موەقەتە)ش لێی ئاگاداربوون و دەستیان لەم مەسەلەیەدا هەبوو، چونکە مونزیرنەقشبەندی لەلایەك پەیوەندی بەقیادەی موەقەتەوە هەبوو، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە بەعسەوە هەبوو (شێخ مووس: 2021،دیدەنی). تەنانەت ئەویەکێك بووە لەوانەشی کە پێشترو لەساڵی 1974دا، لەسەرپێشنیارو ڕاسپاردەی دەزگای هەواڵگری عێراق پەیوەندی بەشۆڕشی کوردەوە کردووەو توانیویەتی خۆی بخزێنێتە نێوڕیزەکانی دەزگای (پاراستن)ی پارتی، هەروەها لەساڵانی 1974-1975دا، بەرپرسی ئەو وەرگێڕانەبووە، کە لە کۆشکی ئاشتی(قصرالسلام) دەوامیان کردووەو بەمەبەستی هاوکاری کردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانییانەی کە سەردانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشیان دەکرد(ئەحمەد: 2011،ل147). دواتریش لەنێو(ی.ن.ك)دا، زۆربەئاسانی توانیویەتی هەموو زانیاری و پەیوەندییەکی دەرەکی یەکێتی و سەرچاوەی داراییی بەتایبەتی ئەوانەشی کە لەلایەن وڵاتانی لیبیاو سوریاوە دەستی دەکەوتن بەژمارەی بانکیشەوە بگەیەنێتە دەزگای هەواڵگری و فەرمانڕەوایانی عێراق، بەڕادەیەك جەلال تاڵەبانی هێندە بڕوای پێ هەبووە چەند جارێك مونزیر نەقشبەندی ناردووە بۆوەرگرتن و هێنانەوەی بۆسوریا (ئەمین:1997،ل75). هاوکات یەکێتی سۆڤێتیش بەنیازبوون و بەڵێنیان بە تاڵەبانی دابوو،کە هەر لەساڵی (1975)هوە هاوکاری و کۆمەکی پێویستی (ی.ن.ك) بکەن و عادل موراد بەرپرسی ئەم دۆسێیەبووە، کەچی مونزیرنەقشبەندی بەمەشی زانیوەو هەرزوو حکومەتی عێراقی لێ ئاگادارکردۆتەوە، هەربۆیە بەرپرسانی یەکێتی سۆڤێتیش هیچ یارمەتیەکیان بۆ (ی.ن.ك) نەناردووە (ئەحمەد،2011،ل147). لەلایەکی ترەوە عومەری شێخ مووس کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) بووە جەخت لەسەرئەوەش دەکاتەوە، کە مونزیر نەقشبەندی نەك تەنها پەیوەندی بەدەزگای هەواڵگری عێراقییەوە هەبووە، بەڵکو پەیوەندی بە(قیادەی موەقەتە) و سەرکردەکەشیەوە هەبووەو تەنانەت زۆر لەجەلال تاڵەبانیشەوە نزیك بووە، زۆرجار لەگەڵ یەکدا پێکەوە سەفەریان کردووەو لە لوبنان پێکەوە لەیەك شوقەدا ماونەوتەوە(شێخ مووس: 2021،دیدەنی؛مام،2017،ب2،ل42). هاوکات زۆر بەئاسانیش توانیویەتی جەلال تاڵەبانی بکوژێ وەك ئەوەی تاڵەبانی لە چواچێوەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا، نکۆڵی لەمەیان ناکاو بەجاسوسێکی دێرینی دەزانێ، تەنانەت باس لەوەش دەکات، کە کاتی خۆی گرتن و لەسێدارەدانی لەیلاقاسم وهاوەڵەکانی دەستی مونزیر نەقشبەندی تێدابووە(مام،2017،ب2،ل42).شایانی باسە ئاگاداری ئەوەش بووە، کەچۆن بەرپرسانی عێراق عومەردەبابەیان لە 6ی تشرینی دووەمی 1976دا، لە ڕێگای فڕۆکەو فڕۆکەخانەی فەرمییەوە ناردووە بۆلای جەلال تاڵەبانی و لەگەڵ گەیشتنیدا بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دیمەشق تەلەفۆنی بۆتاڵەبانی کردووە، دوای یەکتر بینین عومەر دەبابە بە جەلال تاڵەبانی دەڵێت:«ئەوکوڕەی لەگەڵتە جاسووسە وئاگات لەخۆت بێت، بۆیە من هەموو قسەیەك لە کن تۆناکەم»(مام،2017،ب2،ل42-43). دواتریش کە دەزگای هەواڵگری سوریاو سەرۆکی ئەرکانی سوپا حیکمەت شەهابی (1931-2013) کە لەساڵانی 1974-1998دا ئەو بەرپرسیارییتەی هەبووە، بەم بارودۆخەدەزانن ودوای بەدواداچوونێکی وردو تەواومونزیر نەقشبەندی سیخوڕەکەی نێو ئەوکاتەی (ی.ن.ك) دەستگیردەکەن، دوای ماوەیەك زیندانی و لێ پرسینەوەی دواتریش بەڕێکەوتن لەگەڵ دەزگای هەواڵگری عێراقی وبەئاڵوگۆڕی گیراوانی یەکتر بەری دەدەن و ڕادەستی فەرمانڕەوایانی عێراق دەکرێتەوە(شێخ مووس،2021،دیدەنی).

وەك دەبینین لەڕووی پەیوەندی و کاریگەرییەوە (ی.ن.ك) کەحیزبێکی نوێ و ڕێکخراوێکی بەرەیی سیاسی نوێ بووە، لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێك فیکروبیروڕای جیاوازی لەخۆگرتبوو، هەربۆیە کاریگەریی نەك تەنها لەسەر کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر بەشەکانی تری کوردستانیش هەبووە، وەك جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی ئەڵێت : لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملووی سکرتێری (حدکا)دا پەیوەندیەکی باشمان هەبوو،هەرلەسەرەتای دامەزرانی (ی.ن.ك) پرسم پێی کردووەو ئەوزۆری پێ باشبوو، هانی داین کە ئەوکارەبکەین و لە دواتریشدا پەیوەندیمان هەربەباشی مایەوەو لەبەرئەوەی ئێمەدژی عێراق بووین جالەبەر ئەوە پەیوەندییەکەمان هەر بە شێوازێکی نهێنی مایەوە(ك.نوێ: 1996،ژ1298). بەجۆرێك لە قۆناغێکی وادا کەخەباتی سیاسی و چەکداری کورد لەبەشی باشووری کوردستان کۆتایی هاتبوو،لەگەڵ ئەوەشدا (پ.د.ك) هەڵوەشابووەوەو تەنانەت بەرپرس و کادیرە باڵاکانی بەشێوازی جۆراوجۆر بەسەروڵاتانی ئەوروپاو ناوچەیی وەك ئێران و سوریاو لوبنان و هەروەها بەشێکیان بەناچاری خۆیان ڕادەستی فەرمانڕەوایانی عێراق کردبووەوە، جابۆیە دامەزراندن و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی کورد ئومێدێکی تازەی بەکۆمەڵانی خەڵك بەخشی- بوو، جگەلەوەش هەرلەم ماوەیەداو بەپێی گێڕانەوەی نەوشیروان مستەفا« کوردی سەرانسەری کوردستان بە هاودەردیەکی قووڵەوە سەیری ڕوداوەکانی کوردستانی عێراقیان دەکردو هەموویان بەمەینەتی خۆیان دەزانی زۆرێك لەسیاسیەکانی دەرەوەیان ئامادەبوون، هەرچیەکیان لەدەست بێت بیکەن بۆ هەڵسانەوەی جوڵانەوەی کورد لەعێراق. هەندێکیان بەکردەوە بەشدابوون لە ناوکوردەکانی ئێراندا حەسەنی قازی و محەمەدی موهتەدی لەهەموویان زیاتر بە پەرۆش بوون. حەسەنی قازی بڵاوکراوە گرنگەکانی یەکێتی نیشتمانی دەکرد بەفارسی و بڵاوی دەکردنەوە، ئەمەش بۆیەکێتی نیشتمانی لەناو ئێرانییەکاندا بایەخێکی تایبەتی هەبوو» (ئەمین،1997،ل45؛عومەر: 2011،چ2،ل268). بەپێچەوانەشەوە لەبارەی هاوکاری کوردەکانی ئێرانەوە بۆ(ی.ن.ك) لەدەرەوەی وڵاتەوەو بەتایبەت لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هاوکاری ڕێکخستنەکانی یەکێتیان کردووە، وەك عومەری شێخ مووس لەم بارەیەشەوە باسی لەوەشکردووە، کە ئەو هەموئیشەکانی خۆی بەتەنیا نەکردووە بەڵکو« ژمارەیەك لە کوردەکانی ئێران کە مرۆڤی نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازبوون زۆریارمەتیان دەدام وەك ئەمیری حەسەن پوور،جەمیل مەردۆخ،کەمال کەریمی و هاشمی ئەحمەد زادە کە بەداخەوە لەکاتی ڕاپەڕینەکانی ساڵی 1979 لەڕەزائیە شەهیدکراو قسە هەبوو کەبەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق - قیادەی موقەتە کوژرابێت»(ئەحمەد،2011،ل130). هەروەها شێخ مووس جەخت لە هاوکاری ویارمەتی چەند کوردێکی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە، کە لەسەروبەندی دامەزراندنی (ی.ن.ك) بەدواوە هاوکارو یارمەتی دەری یەکێتی بوون و ئەو بە گرنگییەوە نێویان دەبات جگە لەحەسەنی قازی و محەمەدی موهتەدی لەوانە« سەلیمی بابان زادە، کەدەبێتە کوڕی موحێدین ئاغای دۆستاڵی ناوچەی مەهابادو ئەمیری قازی»(پێشنماز:2021، دیدەنی؛ئەحمەد:2011،ل130). نەك هەرئەوەش بەڵکو کەسانی وەك حەسەنی قازی و محەمەدی موهتەدی کە لەنێوفدراسیونی خوێندکارانی ئێرانیدا کەسانی زۆرچالاك بوون، پشتیوانی زۆریان بۆ(ی.ن.ك) پەیداکردووە(ئەحمەد،2011،ل130). بەڵام لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانداو تادوای چەند ساڵێك لە دامەزراندنی (ی.ن.ك) حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی ئەوتۆنەبوو، کە یەکێتی بتوانێت کاریگەری لەسەرهەبێت وبۆئەوەی هاوکاری لەگەڵدا بکات و بەتەنگی یەکترەوە بچن جگە لە (حدکا) ئەویش وەك نەوشیروان مستەفا لەبارەیەوە نووسیویەتی: « ئەویش لەبەر ئەوەی دڵی حکومەتی عێراقی لێ نەڕەنجێ خۆی لە هەموجۆرە هاوکاریەك لەگەڵ یەکێتی ئەبوارد.جگەلەوە هیچ ڕێکخستن ونفوزێکیشی. لەناو کوردستانی ئێراندا نەبوو تائێمە کەڵکێکی لێ وەربگرین .ئێمە بۆڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆمان پێویستیمان بەکەسانێك هەبوو لەناوئێران وتورکیا یارمەتیمان بدەن. لە هەر دووپارچەوە خەڵك هاتوچۆیان ئەکردین ونامەیان بۆئەناردین.بەهاودەردیەوە لەگەڵ ئێمە پەیوەندیان ئەکرد»(ئەمین،1997،ل334). بەجۆرێك لەڕێگای ئەوپەیوەندی و هاتوچۆیەی خەڵکەوە بۆناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی(ی.ن.ك) و ئەمانیش وردەوردە توانیویانە شانەو ڕێکخستنەکانی خۆیان لەنێو دانیشتوانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا ڕێکبخەن بەتایبەتی لەناوچەوشاروشارۆچکە ئاوەدانەکانی وەك:« شنۆ، ورمێ، مەهاباد،خانە،سەردەشت،بانە،پاوەو مەریوان» هاوکات ئەمانەش لە ڕووی هاوکاری و بەتەنگەوەچوون بۆکڕین و گوێزانەوەی کەلوپەلی جۆراوجۆر هەرلەئاردەوە تاسەرخێوەت وپەتو پێڵاو وکاغەزو مەرەکەبی ڕۆنیو هەروەها بۆتیماری هەندێ بریندارو گوێزانەوەی هەندێ لەکادرەکانی یەکێتی، هەرلەڕێگای ئەوانەوە دەگەیەنرایە نێو ئێران وتورکیاو سوریا بۆچارە سەرکردن، دواتریش بەسەلامەتی دەگەڕانەوە شوێنی خۆیان لەم بارەیەشەوە نەوشیروان مستەفا نموونە دەهێنێتەوە بەوەی کادیرێکی وەك قادرجەباری گەیەنراوەتە سوریاو گەڕاوەتەوەو پاشان هەرلەڕێگەی ئەوانیشەوە ئەنوەری سەعید والی هاتەوەو پێشمەرگەیەکی وەك ڕۆستەم هاتۆتە دەراوی گورگان و لەوێشەوە براوە بۆئێران بۆتەداوی و دوای تیمارکردنی گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان (ئەمین،1997،ل334). بەڕادەیەك هەرئەم هاوخەباتیەی نێوان کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بووە، کە لە نێوکونجی زیندانی مووسڵ و بەماوەیەك پێش لەسێدارەدانی وا لە پێشمەرگەیەکی یەکێتی وەك ئەبوبەکرنوری قادر(1954-1978) ناسراو بە (ئاشتی چاوشین) بکات،کەلەنامەیەکیدا لەزیندانەوە بنووسێت« حەزم دەکرد،کەتەمەنم درێژ بوایە هەتاوەکو ڕزگاری کوردستانی عێراقم بدیایەو بۆ ماوەیەکی کورتیش بوایە ببومایە بەپێشمەرگە لە ڕیزی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی ئێراندا»(کۆمەڵە،1979،ژ2،ل22).

سەبارەت بەکۆمەڵەی ئێران ،کەبەساڵێك پێش«کۆمەڵەی مارکسی- لینینی» باشووری کوردستان، بەشێوازێکی نهێنی دامەزراوەوکاری تەشکیلاتی و ڕێکخستنەکانی خۆی

دەستپێکردوە،بەڵام هەرزوو توانیبووی لەگەڵ باشووری کوردستان وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەم بەشەی کوردستان و ڕێکخستنەکانی پەیوەندی و ڕاگۆڕینەوەو تەنانەت هاوکاری هەبێت،وەك ئەوەی کۆمەڵەی ئێران کادیرێکی ناسراوی وەك سەعیدی موعینی(خانە)،کە دەبێتەبرای سلێمان وعەبدوڵلای موعینی خەڵکی مەهاباد دوای ئەوەی سێ ساڵ و نیوی ژیانی لەنێو زینداني شادا بەڕێکردبوو،پاش ئازادکردنی ولە 21ی حوزەیرانی 1978دا (ئەسکەندەری،2021،ل187).وەك لاوێکی ڕووناکبیرو تێگەیشتووی نێو ئەو ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕێگای سەلاحەدینی موهتەدی ومحەمەدی مەلائەحمەدی خەڵکی گوندی (بێژوێ) ی ناوچەی ئالانەوە، هاتبووە باشووری کوردستان و لەڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا، لەگەڵ ئیبراهیمی عەلی زادەدا بوون بە پێشمەرگەی یەکێتی، تائەوکاتەی خانەی موعینی پاش مانگێك، لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە لە 22ی تەمووزی 1978دا لە گوندی (دڕێ) ناوچەی ماوەت لەئەنجامی هێرشێکی هێزەکانی سوپای عێراق دەکوژرێن(سەعیدی:2009 ،ل66-67؛کەریم،2020،ل288-289). ئەوەبوو لە کوژرانی خانەی موعینی بەدواوە کەسەرەتا بۆلای سەرکردایەتی یەکێتی وجەلال تاڵەبانی نێردرابوو، ئیدی تاڵەبانی خۆی بایەخێکی زۆر بەکۆمەڵەی ئێران دەدات و (چاوڕەش،2014،ل141-143). شوێنی حەوانەیان بۆ دەستەبەردەکات وەك حسێن مرادبێگی کەیەکێك بووە، لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە دەگێڕێتەوە کە : ئەودەمانەی ئەو لەنزیك بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ك)هوە بووە هەریەك لە جەلال تاڵەبانی،مەحموود عوسمان، ساعیدی وەتەن دوست، جەعفەری شەفیعی لە دامێنی چیای قەندیل پێکەوە لەیەك چادردا دەژیایین (قادر:2017 ،ل120-121). ئەوەی شایانی باسە دووکادیری دیاری نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەی وەك دکتۆرجەعفەری شەفیعی(دکتۆر عەزیز) خەڵکی بۆکان و ساعیدی وەتەن دوست (کاك برایم) خەڵکی شاری سنە بوو،کە هاتنە ناوچەکانی باشووری کوردستان و ڕیزەکانی (ی.ن.ك) ساعیدی وەتەن دوست لەگەڵ خۆشیدا بڕی پێنج هەزاردینار وەك یارمەتی گەیاندبووە بەرپرسانی (ی.ن.ك) وەك ئەوەی چۆن پێشترو لەئەنجامی پەیوەندی جەلال تاڵەبانی سکرتێری (ی.ن.ك) لەگەڵ کەسێکی وەك سەلاحەدینی موهتەدی کەپەیوەندی دێرینتریان پێکەوە هەبووە، بڕی پێنج هەزاردیناری ئەوکاتە بۆیەکێتی دەنێرێت، کە بۆئەوکاتەو وەك تاڵەبانی خۆی ئەڵێ« لە ڕۆژێکی تەنگاودا بەدەستمان گەیشت،بەڕاستی ئەو ڕۆژە ئەوپارەیە یارمەتیەکی زۆرگەورە بوو، کە زۆرسودمان لێ وەرگرت»، جگە لەوەش کەسێکی وەك دکتۆرجەعفەری شەفیعی کاتێك هاتبووە نێو ڕیزەکانی (ی.ن.ك) و بووبە پێشمەرگەو دکتۆری شۆڕش، خەستەخانەیەکی بچووکی کردەوە، یەکێتی نیشتمانی تەنها یەك برینپێچیان لەگەڵ بووە، کە ئەویش هەرێرانی و سەر بە ڕێکخستنەکانی «سازمانی ئینقلاب» بووە (مام:2017،ب2،ل87-88؛ ئەمین:1997،ل335؛چاوڕەش:2014،ل150). کەوەك حیزبێکی سیاسی لەساڵی 1964دا لە حیزبی تودەی ئێرانی جیابوونەوەو کەسایەتیەکی وەك کورش لاشائی لەسەرکردەدیارەکانیان بووە، کە بۆماوەیەکیش لەڕێگای جەلال تاڵەبانیەوە، بۆماوەیەك توانیویەتی بگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وپەیوەندی بەبزوتنەوەی چەکداری 1967-1968ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەبکات (قازی:2020،ل12-18). بەتایبەتی دەستەکەی ئیسماعیلی شەریف زادەوە(قازی: 2020،ل17). یان زۆرجارئەولاوانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەهاتن بۆسەرکردایەتی یەکێتی پاش ڕاهێنانیان لەبواری جۆراوجۆردا ئاراستە دەکران کە بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵات و لە نێوکۆمەڵەی ئێراندا درێژە بەخەباتی خۆیان بدەن(عەباس:2012،ل149). هەرچەندە ئامانج لەم پەیوەندی و ناردنەی نوێنەر بۆلای یەکدی و ڕاگۆڕینەوەی پێویست بەمەبەستی یارمەتی و هاوکاریکردنی بەردەوامی یەکتربووە،بەتایبەتی لەنێوان حیزبەچەپەکاندا هەر لەناردن و هێنانی جلوبەگ و چەك ودەرمان و تەقەمەنی پێویست و ناردنی برینداروچارەسەرکردنیان(شێخ مووس:2021،دیدەنی؛ عەباس:2012،ل197).هەروەها ئیبراهیم جەلال بەهەمان شێوەجەخت لەسەر هاوکارییەکانی کۆمەڵەی ئێران بەتایبەتی هەریەك لە دکتۆرجەعفەری شەفیعی وساعیدی وەتەن دوست دەکاتەوە(مەلەکە،2014،ل74-75). بەڕادەیەك لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان لەجەلال تاڵەبانی کرد لە دیوی ئەوانیشەوە ڕێکخستنی یەکێتی دروست بکرێت، کەچی تاڵەبانی بیرۆکەکەی بەپەسەند نەزانیوەو هانی داون ڕێکخستنی تایبەت بەخۆیان هەبێ و دووربکەونەوە لەجەنجاڵی کۆپیکردن و لاسایکردنەوەو دۆستی یەکتربن سودی زیاتر دەبێت (کەریم،2020،ل42).هەرچەندە دواتریش تاڵەبانی لەڕێگای چاوپێکەوتنێکیەوە بۆڕۆژنامەی (أطلاعات)ی ئێرانی ئەوەشی ڕاگەیاند، کە«ئێمە نامانەوێت شۆڕشەکەمان بۆنێو کوردستانی ئێران بگوازینەوە،بەڵکو سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانی بەسەرکەوتنێکی مێژوویی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێویاندا گەلی کورد دەزانین و پشتیوانی لێ دەکەین»(أطلاعات: 1357،ش15806).بەزۆری ئەوهۆکارە سەرکیانەشی کەوای لە کۆمەلانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی ڕێکخستن وبەرپرسانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەکرد کە تارادەیەکی باش بە تەنگی (ی.ن.ك) و هێزی پێشمەرگەوەبێن و وەك حیزبێکی سیاسی لە نێوکۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا ڕێز لێ گیراوبێت،دەکرێ لەمانەی خوارەوەدا دەستنیشانیان بکەین:

یەکەم: ئەورۆڵە خراپەی کە (پ.د.ك) هەرلەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە، بەرانبەر بەکوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیڕەویان دەکرد، هەرلەکوشتن و ڕاوەدوونان و ڕادەستکردنەوەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدامودەزگا ئەمنییەکانی ئێرانی لە نێویاندا (دەزگای ساواك)، هەرچەندە یەکێتیش هەرلەسەرەتای دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی خۆیەوە کەوتە هەمان هەڵەوە لەوانە :ڕادەستکردنەوەی دووکادیری وەك ئەحمەد نەستانی وکەریم نەستانی بەکاربەدەستانی ئێران لە کۆتاییەکانی ساڵی

1977دا(عومـــــــــــەر:2011 ،ل269؛ حیســـــــــــامی: 2018،ب2،ل1068-1069؛قادر:2017،ل109).

دووەم: کۆمـەڵانی خـەڵك دەیـانبینی کـە یـەکێتی لەسـەرەتای دروسـتبوونی مەفرەزەسـەرەتاییەکانیەوە، هەریـەك لـەعێراق و ئـێران هاوکـاری یـەکتریان دەکـرد بۆلیـدانی هـێزی پێشـمەگەو پێشمەرگەی یەکێتی بەبرسیەتی و نەدارییەوە دەچوونە نێوخاکی رۆژهـەڵاتی کوردسـتانەوەو لەدێهاتەکانـدا خـەڵك هاوکاریـان دەکـردن، کـەچی پاسـگاکانی ئـێران تەقـەیان لێ دەکـردن و بەرەوباشووری کوردستان ڕاویان دەنان، کەچی بەپێچەوانەوە هێزەکانی(قیـادە موەقەتە)بـەئارەزووی خۆیـان لەنێوشـارەکانی ئێراندا تەراتێنیان دەکرد،بەمانەشدا کۆمەڵانی خەڵك بەئاشکرا بـۆی دەردەکـەوت کـە یـەکێتی هـێزێکی ڕەسـەنی شۆڕشـگێڕی کوردایەتیە،لەباشـووری کوردسـتان، عـێراق لێیـان دەکوژێـت وئێرانـیش بۆمبابارانیـان دەکـات، حاڵـەتێکی لـەم جـۆرەش یارمەتیەکی زۆری (ی.ن.ك) دەدا کەلای دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆشەویست بێت، لەکاتێکدا بیەوێت لەگەڵ پارتی وسەرکردایەتی کاتی بەراوردیان بکات(عومەر:2011،ل270).

## دووەم/ سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

لەکۆتایی شـۆڕشی ئـەیلول بەدواوە لـەڕووی کاری حیزبی و ڕێکخراوەییەوە جۆرێك لە بۆشایی سیاسی وخەباتی چەکداری لەباشـووری کوردسـتاندا دروست بـوو، چونکەمـەلا مستەفای بـارزانی بـەخۆی لـە ڕاگەیاندراوێکیـدا ئـەوەی بڵاوکـردەوە، کـە شـۆڕشی کـورد کۆتـایی هـاتووەو لەهەمانکاتـدا حیزبـێکی سـیاسی وەك (پ.د.ك) لـە کاروچـالاکی خـۆی وەسـتاو زۆرێـك لـە فەرمانـدەو سـەرکردە دیارەکـانی بـەزۆری پەرتـەوازەبوون و لێکـدابڕان، جگەلـەوەش بەشـێکیان ڕوویـان لـە هەنـدەران کردوبەشـێکی تریشـیان لەنێویانـدا حـەبیب محەمـەد کـەریمی سکرتێری پارتی لـە قاهیرەوە، ساڵح یوسـفی لەگەلاڵەوە، دارا تۆفیـق لەبەیروتـەوەو هـەروەها عەبـدولی سـۆران و سـدیق ئەمین،خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوەو پارتییان وەك لاشـــــــــەیەکی بێگیـــــــــان هێشـــــــــتەوە (بـــــــارزانی،2021،ب4،ل49؛ئـــــەمین،1997،ل43-44؛ کـــۆچیرا:2012،ل60).دواتـــریش لـــەپلانی ڕێکخســـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتاندا هـەبووە، ئـەوانیش وەك عوســمان محەمــەد فایــەق زاوای حــەبیب محەمەدکــەریم لەبەغـــدا پاکتـــاو بکـــەن (ئەحمـــەد،2021،ب1،ل40-42).هەرچەندە لەساڵانی دواتریشدا داراتۆفیق بەهۆی ئەوەی کـە پەیوەنـدی بـەباڵوێزخانـەی یـەکێتی سـۆڤێتەوە کردبـوو لەبەغـداو سـاڵح یوسـفی سـەرۆکی بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتان، لەلایـەن دەزگا ئەمنییـەکانی حکومـەتی عێراقـەوە پاکتاودەکرێن(محێـدین،2021،دیـدەنی). بەشـێکی تریشـیان بـەبارزانی سەرکردەشـیەوە لـەئێران مانـەوەو بـارزانیش بـەهۆی نـەخۆشی شـێرپەنجەوە لە ئێرانەوە،گەیەنرایە ئەمەریکاودوای چەندساڵێك لـەوەرگرتنی چارەسـەری بـەردەوام لـە 1ی مـارتی 1979دا لـــــــــــەوێ کـــــــــــۆچی دوایی کرد(جاسـوسی،ش31،ص41؛طـارمی:1382 ،ص167).واتـە لەرێکەوتننامـەی جـەزائیر بـەدواوە پـارتی جگـە لـەوەی تـووشی شکستێکی گەورەی حزبی وکاری ڕێکخراوەیی بووەوە. بەتایبەتی لـە گۆڕەپـانی سـیاسی کوردسـتاندا،تەنها ئەونوێنەرایەتیـەیان نـەبێت، کەتائەوکاتـەش لـە لەنـدەن مـابووەو کەسـێکی وەك جەمال عەلەمدار بەڕێوەی دەبرد. تەنانەت ئەمیش چالاکیەکی ئەوتۆی نەبوو، هەرئەمەش وایکرد کە لە کوردستاندا کۆمەڵێك فیکـرو ئاڕاسـتەی جیـاواز بێتەکایـەوەو هەریـەك بـەجۆرێك کەوتنەئەوەی ئەو بۆشایە سیاسیەی سەرگۆڕەپانی کوردستان پڕبکەنەوە (حسین،2018،ص79).

لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕێکخسـتنەکانی پـارتی زۆریـان پێ نـەچوو دووبـارەو دوای ئـەوەی ڕاوێژێـك بـە مەلامسـتەفای بـارزانی دەکەن دەتوانن دەستەیەکی سەرۆکایەتی کاتی سەرەتا بەشەش ئەنـدام و دواتـر بـوون بـە دەئەنـدامی وەك: ئیـدریس بـارزانی، مەســعود بارزانی،عـــەلی عەبـــدوڵلا،نوری شاوەیس،ســامی عەبدولڕەحمان،جەوهـەر نـامیق، محەمەدرەزا،ئازاد بـەرواری، عارف تەیفور وکەریم شەنگالی پێك بهێنن و یەکەم بەیاننامەی دەستەی دامەزراندنی خۆیان بەزمانی کوردی و عەرەبی لە نێو کوردە ئاوارەکانی باشووری کوردستان لە ئێران بەناونیشانی :« کوردسـتان گۆڕەپـانی ڕاسـتەقینەی خەباتـە» لـە 10ی کانوونی یەکـــــــــــــــــــــــــەمی 1975دا بڵاوبکەنەوە(بارزانی،2021،ب4،ل40؛گەوهەری،2021،ل44-49). بـەجۆرێك مەسـعودبارزانی کرایـە سـەرۆکی سـەرکردایەتی کاتی و سامی عەبدولڕەحمانیش دەبێتە سکرتێری گشتی، تاکاتی بەسـتنی کـۆنگرەی نۆیـەمی پـارتی لـە 4- 11ی تشرینی دووەمی 1979 بـــــــــەردەوام بوو(عیسی ـــــــــــ،1992،ص252-253؛سالم:2019،ص190) ئیدی لێرە بەدواوە سەرکردایەتی کـاتی هەڵدەوەشێتەوەوسـامی عەبـدولڕەحمان لـە پـارتی دوور دەکەوێتـەوە، دواتـریش لەلایـەن ئێرانـەوە دەسـتگیردەکرێت، تائەوکاتەی بەدەستێوەردانی لیبیەکان ئازاد دەکرێت ودەچێتە لەنـــدەن و ژمـــارەکیش لەلایـــەنگرانی دەچنـــە نێـــوحیزبی سۆشیالیســـت و چەپەکانیشـــیان بۆنێـــوحیزبی شـــیوعی عێراق(الخرسـان: 2001،ص258؛عـەباس،،ل229). لەگـەڵ ئەوەشدا دەکەوێتە بیری دامەزراندنی حیزبێکی نوێ بەناوی پارتی گەلی کوردستانەوە وەك ئەوەی لە 26-30ی تەمموزی 1981 دا لـە ڤیـەنای پایتـەختی نەمسا دامەزرا(یوسـف،2020،ل73-82، جـــەلال:2017،ل100). بـــەڵام خـــەباتی چەکـــداری گسەرکردایەتی کاتی پارتیش سەرەتا بەگەڕانەوەی دووبەرپرسی بـاڵای ئـەم حیزبـە کـەریم سـنجاری وجەوهـەر نـامیق سـالم (ســەلیم ســۆرانی) وبەدەســتەوەگرتنی فەرمانــدەیی (300) پێشمەرگەی پەڕاگەندە لەنێو خاکی کوردستان و لە26ی ئایاری 1976دا دەستی پێکردەوە (کۆچیرا:2012،ل61).

وەك دەبینین بەیاننامەکەی سەرکردایەتی کاتی لەسەرەتاکانیدا هێرشـێکی توندی کردۆتە سەر سیاسەتی هەردووفەرمانڕەوایانی عـێراق و ئـێران، بەتایبـەت بنـەماکانی ڕێکەوتننامـەی جـەزائیرو شکسـت پێکهێنـانی شـۆڕش و خـەباتی گـەلی کـورد، جگـە لـە جەختکردنەوەی بەردەوام لەسەر داکۆکی تەواو لە پەیوەندی و بـەهێزبوونی برایـەتی نێـوان گـەلی کوردوعـەرەب و هـەموو پێکهاتـەکانی تـری عـێراق، شانبەشـانی ئەوانـەش گێڕانەوەیـەکی مێژوویی سەبارەت بەشۆڕشی کوردوبەیاننامەی ئازاری مێژوویی تادەگاتـە دووبـارە دەسـت پێکردنـەوەی خـەبات، بـەهاوکاری و

هەماهەنگی لەگەڵ« هەموو پارت وهێزە شۆڕشگێڕە کوردییەکان لەهەموو پارچەکانی تری کوردستانی گەورەدا»(بارزانی،2021،ب4،ب1،ل40-44). بەڕادەیەك دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ناوبراو،دەزگای ساواکی ئێران دەکەوێتە پەیجۆری ئەوانەی کە دەستیان لەم کارەدا هەیەو لەپشت دەرکردنی ئەم بەیاننامەیەوە بوون،کە لەکوێ وچۆن بڵاوکراوەتەوە،لەبەرئەوە گوشارێکی زۆردەخەنە سەرئیدریس بارزانی وبەپێی گێڕانەوەی مەسعوود بارزانی هەرکاتێك دەزگای ساواك بانگی ئیدریسیان دەکرد ئەو دەیگوت :«ئەگەر لەکاتژمێك زیاتر دواکەوتم،ئەوە بزانن گیراوم»(بارزانی،2021،ب4،ب1،ل67-68).

دوابەدوای ئەوانەش حکومەتی ئێران و بەتایبەت دەزگای ساواك چالاکی سیاسی لەوپەنابەرانەی کوردیش قەدەغە کرد، کە تائەوکاتە لەنێوئۆردوگای پەنابەرانی ئێرانیدا دەژیان، بەتایبەت ئەوانەی کە هەر پەرچەکردارو جوڵانەوەیەکیان بەرانبەر بەحکومەتی عێراق هەبوایە، تەنانەت هەڕەشەی ئەوەشیان لێ دەکردن،کە هەرکەسێك لە نێوخاکی ئێرانەوە دیاردەیەکی لەوباتەی لێ بوەشێتەوە، ئەوا بەپێی بنەماکانی پرۆتۆکۆلی ئەمنی هاوپێچ بە ڕێکەوتنامەی جەزائیر ڕادەستی فەرمانڕەوایانی عێراق دەکرێتەوە.وەك چۆن دووکەسی سەر بە(قیادە موەقەتە) لە نێوفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی میهرئابادی شاری تاران دەستگیرکران،کەکۆمەڵێك بڵاوکراوەو شتومەك ومۆری ساختەشیان پێ بووە، کە ئەیانویست بەرەوئەوروپابڕۆن، بەڵام دواتر ئازاد کراون (الخرسان:2001،ص248). شانبەشانی ئەوانەش یەکێکی دی لەهەنگاوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کاتی، بۆڕایکردنی ڕێکخستن وکاروباریان ئەوەیان بووە، کە لە قۆناغی یەکەمیاندا باشووری کوردستانیان دابەشکردووە بەسەردوو هەرێمی ڕێکخستندا، یەکەمیان: ڕۆژئاوای ڕێگای هاملتن بگرێتەوە. بەڵام هەرێمی دووەمیان ڕۆژهەڵاتی ڕێگای هاملتن بێت و جەوهەرنامیق وکەریم سنجاری کاروباری هەرێمی یەك و عارف تەیفوروشێرکۆ عەلی و شێخ عەزیز بچنە هەریمی دوو و ئینجا دەست بەکاری ڕێکخستن و حیزبایەتی بکەنەوە، هەروەها بەپێی هەندێ ڕاسپاردەو سەلاحیەتی جۆراوجۆر لەڕووی دارایی و پارەشەوە بڕی پێویستیان بخرێتە بەردەست (بارزانی:2021،ب4،ب1،ل50-52).

دوابەدوای هەموو ئەمانەش یەکەم وڵاتی ناوچەکە، کە دەیەوێت پەیوەندیان لەگەڵ بگرێت و هاوکاریان بکات حکومەتی سوریایە بەوەی وەزیری ناوخۆی ئەوکاتەی سوریا عەدنان دەباغ (1976-1980). لە شوباتی 1976دا، ئیبراهیم گاباری کە یەکێك بووە لە کوردەناسراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕادەسپێرێت بۆئەوەی سەردانی ئێران و کەرەج بکات و چاوی بە مەسعوودبارزانی سەرۆکی سەرکردایەتی کاتی بکەوێت.بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا، بەپێی گێڕانەوەی مەسعوود بارزانی خۆی و کرێس کۆچێرا لەلایەن یەکێك لەبارزانییەکانی خزمی مەسعوودەوە خەبەری لێ دەدرێ و لەڕێگای فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی تاران دەزگای ساواك دەستگیری دەکەن ودوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر بۆماوەیەکیش دەخرێتە زیندانەوە (بارزانی،2021،ب4،ب1،ل70-73؛کۆچیرا،2012،ل62). هەروەها دوای لێکۆڵینەوەکردن لە مەسعوودبارزانیش لەلایەن بەرپرسانی دەزگای ساواکەوە، بۆماوەی 24 سەعات دەست بەسەر دەکرێ و دوای ئازادکردنی، ساواك بارزانی باوکیش سەرکۆنەدەکەن، بەڵام ئەودەڵێت: «کوڕەکەم سەربەخۆیە». ئیدی مەسعوود بارزانیش دەڵێ : « من نەمتوانی ئەووەزعە تەحەموول بکەم، کاتێك ئەوان ڕێگەیاندا باوکم بۆچارەسەر بچێتە وڵاتە یەکگرتوەکان پێویستی چوونم لەگەڵ ئەوکردە بیانوو هەتا ڕووخانی شا نەگەڕامەوە ئێران»(کۆچیرا،2012،ل62).

واتە لەسەرەتاوەو پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول پارتی و سەرکردایەتی کاتی بەهۆی ئەوفشارو چاودێرییەی کە لەلایەن حکومەتی شاهنشاهی ئێرانی بەسەریاندا سەپابوو، بەشێوازێکی ئاشکرا کاری سیاسی وحیزبایەتیان پێ نەکراوە، لەلایەك لەبەرئەوەی کەسێکی وەك مەلامستەفای بارزانی خۆی لەگەڵ کۆتایی شۆڕشی ئەیلولدا ئەوەی بۆسەرچاوەکانی ڕاگەیاندن وبەتایبەتی ڕۆژنامەی (أطلاعات) ئیرانی لەزاری ئەووەوە نووسیبوی، شەڕی کوردەکان بۆسەر عێراق کۆتایی هات(بیگی،1395،ص774).هەروەها بارزانی ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە،کە ئەوان بەتەنهایی وبێ دۆست ماونەتەوە «ماتنهاو بدون دوست ماندەیم»(بیگی،1395،ص774). جگە لەوەش لەمانشێتێکی ڕۆژنامەی (کیهان)ی ئێران و سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەوە هەربەزمانی ئەووەوە هاتووە، بەوەی ئیدی ڕۆڵ وکاری ئەوکۆتایی هاتووە (الخرسان،2001،ص246). جگە لەهەموو ئەوانەش مەسەلەی تەمەن و نەخۆشی (شێرپەنجەی سییەکان) بەتەواوی تەنگی پێ هەڵچنی بوو، بەجۆرێك دکتۆرەکانی تەنها شەش مانگیان بۆدانابوو،کەلەژیاندا بمێنێتەوە( Belmonte,1976,p834 ). ڕۆژبەڕۆژ لەنەخۆشخانەکانی ئەمەریکاداو بەوحاڵەوەش لەژێر چاودێرییەکی توندی دەزگای ساواکی ئێرانی و هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا (C.I.A)دا، زیاتر لە لێواری مەرگ نزیك دەبوویەوەو ئەوانیش ئاگاداری هەموو جموجوڵەکانی بوون، جگەلەوەش دەزگای سیا بەدزی گوێگرتنیان لەشوێنی ژیانی مەلامستەفای بارزانی دانابوو (رحمانی،2012،ل210). بەڵام ئەوەی هەبوو وکاری لەسەردەکرا ئەوشێوازە نهێنییەی خەباتی سەرکردایەتی کاتی پارتی بوو، کە سەرەتا وەك حیزبێکی نوێ هاتبوونە مەیدان و «حاشایان لەوەدەکرد کە پەیوەنیان بەبارزانییەوە مابێت تەنانەت ڕەخنەشیان لە ئاکاروکردەوەکانی سەرۆکایەتی پێشووی پارتی دەگرت» کەچی وەکتر مستەفا بارزانی خۆی« تەواوی نامەکانی بەناوی سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئیمزا کردبوو»(زادە:1981،ل32). هەروەها لەولاشەوە مەلامستەفای بارزانی و لەهەمانکاتیشدا بەچەند مانگێگ لە دوای شۆڕشی ئەیلوولەوە گەورەترین پێشبڕکێ کەرونەیاری سیاسی و حیزبیان بۆدروست بوو، کە ئەویش (ی.ن.ك) بوو،کە ئیدریس بارزانی ئەودەمانەی ،کە لە کەرەجی نزیك تاران دەژیا بەهیچ جۆرێك پێی خۆش نەبوو(ی.ن.ك) ئەوسەرکەوتنانە بەدەست بێنێت کەخەریك بوون ئەهاتنەدی

(کۆچێرا،2012،ل65). هەربۆیەرۆژبەرۆژ پەیوەندییەکانیان بەرەو لاوازی وخراپی دەچوو،ئەمەوسەرەڕای ئەولایەنانەشی کە خۆیان بەدۆستی (ی.ن.ك) دەزانی، ئەوەبوو ئەمانیش لەبەرانبەر ئەوانەو سیاسەتی حکومەتی عێراقدا هێزەکانی خۆیان ناردەوە ناوچەسنووریەکانی عێراق و تورکیاو بۆ ئەوەی خەباتی چەکداری خۆیان دەست پێ بکەوە وەك لە 25ی ئایاری 1976دا ئەمەیان هێنایەدی و وەك بزوتنەوەیەکی چەکداری یەکەم چالاکی خۆیان ئەنجامدا، کە ئەوەش بەسەرەتای (شۆڕشی گوڵان) ناسراو یەکەم پێشمەرگەش بەناوی سەیدعەبدوڵلاوە بووبە قوربانی (بارزانی،2021،ب4،ل46-47؛الخرسان،2001،ص248).

ئەم بارودۆخەش بەردەوام بوو تاکاتی بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسەڵاتی نوێی کۆماری ئیسلامی، کەسەرکردایەتی کاتی پارتیش هەرلە سەرەتاوە کەوتنە هەوڵی ئەوەی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە نوێیەدا بەهێزبکەن، ئەمەش لە کاتێکدا بوو،چەندین پارت ورێکخراوی سیاسی ئێران لەدژی پارتی وتاریان بڵاودەکردەوە، بۆنموونە ڕۆژنامەی (کار) لە14ی تەمووزی 1979دا وتارێکی لەژێر سەردێری:«سەرکردایەتی کاتی پارتی تابوری پێنجەمی ئیمپریالیزمە لە کوردستان» نووسیبووی: گرینگە باس لەوەبکرێت، کە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ئەوهێزانە هێشتا لەژێر سەرکردایەتی کوڕەکانی مەلامستەفای بارزانی ئیدریس و مەسعوود چالاکی دەکەن، سوپای ئێران دەیانپارێزێ و بەئاشکرا کورد دەکوژن(حەمەد،2020،ل99)، بەپێی ناوەرۆکی بەیاننامەیەکی (حدکا)،کە دژبەکردەوەو هاپەیمانیەتی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانیداو بەتایبەت لە شارە کوردییەکاندا گرتوویانەتەبەر، وەك کرێگرتەی حکومەتی ئێرانی ناوی بردوون، بەوەی لەخۆپیشاندانێکی جەماوەری شاری شنۆدا چەکدارانی سەرکردایەتی کاتی تەقەیان لەدانیشتوانی ئەوشارەکردووەو لەئەنجامدا شەش کەسی مەدەنیان لەخەڵکی ئەم شارە کوشتوە(حەمەد،2020،ل99).

وەك دەبینین کۆمیتەی ناوەندی (حدکا) بەرانبەر بەوکردەوانەی سەرکردایەتی کاتی پارتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەماوەی ڕاپەڕینەکانی ئەوبەشەی کوردستان و ساڵانی پێشتر گرتبوویەبەر بەیاننامەیەکی نارەزایی لە7ی تشرینی دووەمی 1979دا بۆڕای گشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵاوکردۆتەوەو بەوردی پەردەی لەڕووپاندا هەڵماڵیوە، وەك لەسەرەتای بەیاننامەکەدا هانا بۆ «هاونیشتمانیان وکۆمەڵانی بەشەرەفی کوردستان» دەبات و لەوبارەیەوە نووسیویانە« حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەماوەی سی و چوارساڵی ڕابردووی خۆیدا، خەباتێکی نیشتمانی و دیموکراتی بەڕێوەبردووە، لەبەرفیداکاری وگیان بازی ئەندامان ولایەنگرانی لەهەموو هەورازێکی سیاسی شۆڕشگێرانەو سەربەرزانە هاتۆتەدەر، حیزب هەرلەوکاتەدا، کە بۆدیموکراسی لەئێران و خودموختاری بۆکوردستان خەباتی کردووە، لەهەموو ئیمکانی خۆی بۆیارمەتی دانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان کەڵکی وەرگرتوە». هەروەها لەبەشێکی تری بەیاننامەکەدا کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلولی 1961 دێنێتەوە یاد کە چۆن کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت (حدکا) لەوقۆناغەشدا هاوکارو پاڵپشتێکی بەردەوامی شۆڕشی کورد بوون لەباشووری کوردستان و بەردەوام یارمەتی ئەو جوڵانەوەیان دەدا، کەچی« بەڕێوەبەرانی ئەو جوڵانەوەیە بەسەرۆکایەتی بارزانی کە چارەنووسی جوڵانەوەکەیان بەرژێمی شاوە بەستبووەو بەرانبەر بەو هەڵوێستە ئینسانی و نیشتمان پەروەرانەی خەڵکی کوردستانی ئێران، خەباتکارانی کوردستانی ئێرانیان خستەژێرفشارو تەنانەت وەزعیان گەیاندە ئەوڕادەیە کەهێندێك لەوانە وەك سلێمانی موعینی، خەلیل شەوباش، سەدیقی ئەنجیری ئازەرو هاشمی حەق تەلەب و هێندێکی دیکە لە خەباتکارانی کوردی ئێرانیان کوشت وچەند کەسێکیشیان ڕادەستی ڕژێمی شاکرد کەلەپاشان ئیعدام کران» (بەیاننامە،1979/10/7). بەجۆرێك (حدکا) لە درێژەی بەیاننامەکەیاندا باس لەو وردەکاریانەش دەکەن کە پارتی لەپاش شۆڕشی ئەیلول و هاتنەسەرکاری قیادەی موەقەتە دووبارە کەوتنەوە بەربەرەکانێ وکۆسپ و تەگەرە دروستکردن بۆبزوتنەوەی نەتەوایەتی دیموکراتی گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەوان وەك «مۆری خیانەت لە نێوچاوانی سەرۆکایەتی پارتی» دای دەنێن و لەگەڵ ئەوەشدا باسیان لەوە کردووە کە ئەوان « پاش تێکچوونی جووڵانەوەی کوردستانی عێراق کەهەزاران کەس و هەزاران خێزان ئاوارەبوون و زۆریان پەنایان بۆئێران هێناو پاشماوەی پارتی بەناوی - قیادەی موەقەت- هاتەمەیدانی جوڵانەوە حیزبی ئێمە هەوڵیدا بەموداراو ڕێ نوێنی ڕێگای ڕاستی خەبات بەتایبەتی بۆکۆمەڵانی خەڵکی ئاوارە پیشان بدا. پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران حیزبی ئێمە ئەم سیاسەتی موداراو ڕێ نوێنیەی درێژە پێدا. تەنانەت لەزۆرجێگا کە پەلاماریان دەبردە سەرقیادەی موەقەت حیزبی ئێمەولایەنگرانی ئێمە دیفاعیان لێ دەکرد» (بەیاننامە،1979/10/7). بەڵام لەساڵانی بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدواوە «زۆجار بە نووسین و بەقسە سوێندی نیشتمان پەروەریان دەخوارد وبەڵێنیاندا کە لەدوارۆژدا دژی گەلی کوردو هێزەدیموکراتییەکان ناجوڵێنەوەو بەتایبەتی دوپاتیان دەکردەوە کە هەرگیز دژی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەربەرەکانی ناکەن، بەڵام پاش پەلاماری دڕندانەی ڕژێمی خومەینی بۆسەر خەڵکی کوردستان، هەندێ لەسەرۆکەکانی قیادەی موقەتە کەهەتا ئەودەم جەوهەری خۆیان دەشاردەوەو ئیدعایان دەکرد کە لەڕێگای خزمەتی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کۆنەپەرستی لایان داوە». تەنانەت لەکۆتایی دەقی بەننامەکەی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)دا هاتووە، کەوا کەسێکی وەك «ئیدریس بارزانی لەوکاتەدا کە ئەرتەش پەلاماری هێنابوو بۆ سەر شاری مەهابادی قارەمان چوو بۆدیتنی سەرۆك عەشیرەتەکانی شکاك و هەرکی و نەیهێشت ئەوان بجووڵێنەوەو پەلامار بەرنە سەرورمێ و بەم جۆرە یارمەتی مەهاباد بدەن. ناوچەی خانێ پاش ئەوەی پێشمەرگەکانی ئێمە هێندێ لە پاسگاکانیان بەجێ هێشت،چەکدارەکانی قیادەی موەقەت چوونە جێگایان و تەنانەت ئازوقەی پێشمەرگەکانیان بەتاڵان برد» (ئەحمەد،2011،ل404). سەبارەت بەخۆپیشاندانەکانی

شاری شنۆش، کەزۆربەی سەرچاوەکان جگە لە(حدکا) هەمووباسیان لێوکردووە،بەوەی جگە لەکوژرانی شەش کەس لەلایەن چەکدارانی قیادەی موەقەتەوە وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا پازدە کەسی تریشیان بریندارکردووە(ئەحمەد،2011،ل404).

بەجۆرێك کوشتاری شاری شنۆ لەکاتێکدا ئەنجام دەدرا،پێشتردانیشتوان و خەڵکی ئەوشارە، لەکاتی کۆچی دوایی و هێنانەوەی تەرمی مەلامستەفای بارزانیدا لەویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ،پاشان ناشتنی لەشاری شنۆ، کە بەخۆی وەسێتی کردبوو، بەهەزان کەس کۆبوونەوەو هاوخەمی ودڵنەواییان بۆبنەماڵەی بارزانی و پارتی دەردەبڕی و شوێنی حەوانەوەو پێخەف وخواردنی پێویستیان پێشکەش بەو میوان و ئامادەبوانی رۆژی ناشتنی تەرمی بارزانی دەکرد، کە لەشوێنی جیاوازەوە هاتبوونە ئەوشارەو تەنانەت لە چلەکەشیدا بەهەمان شێوەو بگرە زیاتریش بەشداربوون(دزەیی:2015،ب3،ل236-239). بەرادەیەك هەریەك لە«ئیدریس بارزانی ومەسعوودبارزانی لەوتەکانیاندا سوپاسی ئامادەبوان و خەڵکی شاری شنۆیان دەکرد، سەبارەت بەو هەموو ئاسانکاری و خزمەتەی کە پێشکەشیان کردو لەوتەکانیادا ئەوەیان دووپات دەکردەوە، کە لەسەر رێبازوپەیرەوی بارزانی بۆخزمەتکردنی گەلی کورد بەردەوام بن بەهیوای ئەوەی جارێکی تریەکتر ببیننەوە» (دزەیی:2015،ب3،ل226-229).هەروەها مەسعودبارزانی لەبارەی خەڵکی شنۆو هەڵوێستی ئەوکاتەی (ی.ن.ك)هەوە بەرانبەر بەبارزانی و رێورەسمی هێنانەوەی تەرمی بارزانی جگە لە سوپاسکردنێکی هەڵوێستی ئیمام خومەینی لەهێنانەوەی تەرمی بارزانی لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ ئێران نووسیویەتی « سوپاسی تایبەتی خەڵکی بەئەمەکی شنۆ دەکەم کە هەموویان دەرگای ماڵەکانیان بەرووی میوانآندا کردەوەو خزمەتێکی زۆریان کرد». هەروەها نووسیویەتی«لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێك بکەم کە لەکاتی ناشتنی جەنازەی بارزانیدا لەشنۆ تاقمێکی سەربە یەکێتی خۆیان ئامادەکردبوو، بە مەبەستی رفاندنی جەنازەی بارزانی، چونکە وایان دەزانی تەنیا چەند کەسێکی پێ چەك لەگەڵ جەنازەکەدا دەبن، بەڵام کاتێك ئەوئاپۆڕا فراوانەو سەدان هەزار جەماوەرو چەندین هەزارچەکدارەی هۆزەکان و پێشمەرگە چەکدارەکانی سەرکردایەتی کاتی و حدکایان بینی کە تەنانەت بەبێ ئەمری حزبەکەیان هاتبوون، ترسیان لێ نیشت وجورئەتی ئەوەیان نەکرد خۆیان ئاشکرابکەن»(بارزانی،2021،ب4،ل84). بەڵام (حدکا) لەکۆتایی ئەو بەیاننامەشیاندا، کە دژبە ئاکاروکردەوەکانی قیادە موەقەتە لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاویان کردۆتەوە، داوا لە هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران و ئەندامان ولایەنگرانی خۆیان دەکەن کە بۆریسواکردنی «بەکرێگیراوانی نێو سەرۆکایەتی قیادە موەقەتە» تێ بکۆشن وکۆمەڵانی خەڵك لە ئاکارو کردەوەیان ئاگادار بکەنەوە.(ئەحمەد:2011،ل404).

بەجۆرێك قیادەی موەقەتە لای دانیشتوان وکۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان،وابێزرابوون پێشتریش و لەسەروبەندی هاتنی شاندێکی حکومەتی ئێران و بەتایبەتی لە سەردەمی حکومەتی کاتی مەهدی بازرگاندا بەسەرۆکایەتی داریوشی فروهەر لە 19ی شوباتی 1979دا،کە هاتوونەتە شاری مەهابادو کۆبوونەوەیەکی جەماوەریان لەماڵی رەحیمی خەرازیدا کردووە، بەمەبەستی گوێ گرتن لەڕاو بۆچوونی کۆمەڵانی خەڵك لە کۆتایشدا خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسیەکان گەلاڵەنامەیەکی (8) خاڵیان کە بە«گەلاڵەی هەشت خاڵی ماددەی مەهاباد» بە ناوبانگە (ئەسکەندەری:2021،ل332-333؛کۆچیرا:2012،ل253). پێشکەش بەشاندی حکومەتی ئێرانی کردووەوتەنانەت لەخاڵی هەشتەمی ئەوگەلاڵەنامەیەی خەڵکی کوردستان،کەچەند کەسێکی وەك سەلاحەدینی موهتەدی، شێخ عیزەدینی حوسێنی، غەنی بلوریان، فوئادی مستەفا سوڵتانی و عەبدولرەحمان قاسملوو ئامادەو پیاچوونەوەو پاکنووسیان کردبوو، پێشکەش بە شاندەکەی حکومەت کراوەو تیایدا داوایان لەبەرپرسانی ئێرانی کردبوو:« لەبەرئەوەی مەلامستەفای بارزانی و ئەوگروپەی کە بەقیادەی موەقەتە ناسراون، نۆکەری رێکخراوی سیای ئەمەریکی و ساڤاکی ئێران و میتی تورکین وهەن ومایەی نەعلەت ونەفرەت لێکردنی هەموو خەڵکی کوردستانن، جابۆیە داوا لەحکومەتی شۆڕشگێڕ دەکەین هەموو جۆرە پەیوەستی و پەیوەندیەك لەگەڵ ئەم دارو دەستەدا، بنەبڕبکەن و رابەرە خائینەکانیشیان لە ئێران بکەنە دەرەوە، بەبێ ئەوەی ئەم سزایە زەرەر بە بارودۆخی پەنابەرە نەدارەکان بگەیەنێت» (کیهان:1357،ش10644؛قبادی:2015، ص165-166). کە ئەمەش دواتر لای بەشێك لە کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان تارادەیەك نارەزایی لێ دەکەوێتەوە لە نێویاندا کەسایەتیەکی وەك غەنی بلوریان کە بەکاری کۆمەڵەی ئێرانی پەسن دەکات(فرشی،2008،ل191-192؛ محمودزادە،:2012،ل333-336). هەروەها بەرپرسانی پارتی و قیادەی موەقەتە،ئەمانیش لای خۆیانەوە بەکاری (حدکا) و قاسملوویان زانیوە (شێخانی:2012 ،ل151). وەك دواتریش لە نێومالّی مەسعوود بارزانی لەکەرەج، بەئامادەبوونی هەریەك لە ئیدریس بارزانی،کەریمی حیسامی، هەژاری موکریانی، عەبدولوەهاب ئەتروشی ورەشید سندی کەسێکی وەك عەبدولوەهاب ئەتروشی بەکەریمی حیسامی ئەڵێت :«ئەرێ کاك کەریم ئێوە بۆوادەکەن، بۆدژی ئێمە دەبزونەوە؟ گوتم ئێمەچمان کردووە؟ پێم وانیە ئێمە دژی جوڵانەوەی کورد کاربکەین.گوتی ئەوەنییە بەیانی هەشت ماددەیتان دەرکردووە، کەئێمە لەئێران وەدەرنێن، گوتم کاك عەبدولوەهاب،حیزبی دیموکرات شتی وای نەکردوە، تاوانی خەڵکی مەدەنە پاڵ حیزبی دیموکرات،پاشان تۆ هەرنابێ باسی هیچ بکەی، چونکە تۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتت کوشتوە، حەوت کەس لەبرادەرانی ئێمەت داوەتەوە بەرژێمی شاو تادوێنێ لەبەندیخانەدا بوون، ئێستا هاتووی لێرە دەتەوێ خۆت بەپاك نیشان بدەی وحیزبی دیموکرات خەتاباربکەی»(حیسامی:2018،ب2،ل1204-1205). بەڵام کۆتاییهێنان و بۆرەوینەوەی بارودۆخەکە هەژاری موکریانی کە ئامادەی دانیشتنەکە ئەبێت لای خۆیەوە دێتەوە دەنگ و

پێیان دەڵێ: « لام وایە ئێستا وەختی ئەوقسانە نییە، کاك کەریمیش باتورەنەبێ باباسی شتی تر بکەین».ئیدی لێرەش بەدواوە چەندوچوونی نێوانیان کۆتایی دێت(حیسامی: 2018،ب2،ل1205).

## ئەنجام

بەپێی بەدواداچوون و لێکدانەوەی توێژەران بۆئەم قۆناغەی مێژووی هاوچەرخی کورد، گەیشتینە ئەودەرئەنجامەی کە شۆڕشەکانی کورد وخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان، بەردەوام پەیوەندییەکی یەکانگیریان لەگەڵ یەکدیدا هەبووە، هەریەکەو بەشێوازێك کاریگەریشیان لەسەریەکدی هەبووە، بۆنموونە کاتێك شۆڕش لەبەشی باشووری کوردستانداو لەم ماوەیەدا پاشەکشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینی بەهەمان شێوە بزوتنەوەی کورد لەبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەهەمان شێوەوتاڕادەیەکی زۆر تووشی جۆرێك لەنسکۆو گۆشەگیری بوویەوە ، هەرچەندە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) لەوبەشەی کوردستاندا وەك حیزبێکی سیاسی مایەوە، بەڵام لەزۆررووی چالاکی سیاسی و کاری حیزبی و ڕێکخراوەییەوە، کەوتە ژێرفشارێکی گەورەی حیزبی بەعس و وەك پێشتر چالاکیەکی ئەوتۆی سیاسی نەما ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بوو، کە لەودەمانەدا بارەگای سەرەکییان لەشاری بەغدا بوو، لەهەمانکاتیشدا ئەوهاوکاری و دەستگرۆیەی کە بەرپرسانی بەعس بۆیان دابین دەکردن وەك پێشتر نەماو تەنانەت بۆماوەیەك سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنیشیان هەر لەڕۆژنامە وڕادیو وبڵاوکراوەی جۆراوجۆر بەربەست و سنووریان بۆدانراو تەنانەت کادیرو ئەندامەکانیشیان بەهۆی چاودێری توندی سەرسنوورەکانەوە، وەك قۆناغی پێشتر توانای هاتووچۆکردنیان نەمابوو، هەرچەندە بەماوەیەك دواتریش بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستانەوە، بۆجارێکی دی دەستی بەکاری ڕێکخراوەیی و سیاسی خۆی کردەوە، بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە1ی حوزەیرانی 1975دا،لەدەرەوەی وڵات(شام)و دواتریش ئەوروپاوە دامەزرایەوەو تاڕادەیەك هاوخەباتی و پەیوەندیەکی نهێنی لەنێوانیاندا دروست بوو، کەچی دواتر ناکۆکی دەکەوێتەنێوانیانەوەو تاڕادەیەك لێکدیان دووردەخاتەوە.سەرەڕای دووبارە سەرهەڵدانەوەی سەرکردایەتی کاتی پارتی(قیادەموەقەتە)، کە ئەمانیش وەك حیزبێکی سیاسی هەرلەسەرەتاوە، وەك نەیارێکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەهاتنە بەرچاو، لەهەمانکاتیشدا هەریەك لەبەرپرسانی عێراق و ئێرانیش، بەپێی بنەماکانی ڕێکەوتنامەی جەزائیری 6ی ئازاری 1975 بۆ سەرکوتکردن و ڕێگەگرتن لە هەربزووتنەوەیەکی چەکداری لە ناوچەکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاوڕابوون و تەنانەت هەریەك لێیان بزوتنەوەیەکی نەیاری و هەردەستەوتاقمێکیان لەناوچە سنووریەکاندا بەرچاوکەوتبا ئەواڕاستەخۆو بەپێی بنەماکانی ڕێککەتننامەی جەزائیر ڕادەستی لاکەی تریان دەکردنەوە، دیارترین نموونەش لەم بارەیەوە ئەوڕێبەرانەی (کۆمەڵە)و(ی.ن.ك) بوون کە دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانیان بەناچاری و لەناوچەی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پەنایان بردەبەر ئێران و ناوچە ئاوەدانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە مەبەستی ئەوەی لەنێو ئۆردوگاو کوردەپەناهەندەکانی باشووری کوردستاندا خۆیان بۆماوەیەك حەشاربدەن، کەچی پاش دەستگیرکردنیان لەلایەن دەزگای (ساواك) و بەرپرسانی ئێرانییەوە، دووبارە ڕادەستی حکومەتی عێراقی کرانەوەو دواتر ژمارەکیان لەسێدارە دران و بەشێکی تریان بۆماوەی (6) ساڵی تەواو خرانە کونجی زیندانەکانی حکومەتی عێراقەوە. بەڵام کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت ڕێکخستنەکانی (حدکا) لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا توانیان وردە وردە بەنهێنی بگەڕێنەوە وڵات و تێکەڵ بەو ڕاپەڕینەجەماوەریانە ببنەوە، کە لەئەنجامدا دارمانی سیستمی شاهنشاهی پەهلەوی لێکەوتەوەو سیستمێکی نوێ کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەسەڵاتیان کەوتە دەستەوە.بەڵام چارەسەرێکی ئەوتۆی مافی گەلی کوردی پێ نەکراو بۆجارێکی دی شۆڕشی کورد لەهەردوو بەشی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەرچاوەی گرتەوەو زۆریشی پێ نەچوو، شەڕێکی هەشت ساڵەی ماڵوێران کەر لە نێوان عێراق و ئێراندا بەرپابوو.

## لیستی سەرچاوەکان:


1. ئەمین،فاروق محەمەدمحەمەد،سیاسەتی ئێران بەرامبەرجوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان 1975-1989،(سلێمانی:2014).
2. ئۆمەر،ئەحمەد حەمەدئەمین،ڕەوتی چەپ لەباشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:2016).
3. بارزانی،عەبدولموسەور،دەفتەری بیرەوەرییەکانم،دەزگای توێژینەوەوبڵاوکردنەوەی هەڵۆ،(دەنهاخ :2018).
4. بارزانی،مەسعود،بارزانی وبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد،شۆڕشی ئەیلول 1961-1975،و: لیژنەیەك، ب3،ب1،(هەولێر:2004).
5. بارزانی،مەسعوود، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد 1975-1990،ب4، شۆڕشی گولان، ب1،چاپخانەی ڕۆکسانا،(هەولێر:2021).
6. بارزانی،مەسعوود، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد 1975-1990،ب4،شۆڕشی گولان، ب1،(هەولێر:2021).
7. بەختیار،مەلا، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم، خەباتی شاخەکان یاڕاپەڕینی شارەکان، چ4، (سلێمانی:2015).
8. تەیب،جەمال فەتحوڵلا، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشووری کوردستان 1975/3/21- 1980/11/28،لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە،(هەولێر: 2012).
9. جەلال،کاوە تەیب،کەرتبوون لەنێوپارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان 1976-1988،(سلێمانی: 2017).
10. جەلال،ئیبراهیم،خوارووی کوردستان وشۆڕشی ئەیلول بنیادنان وهەڵتەکاندن 1961-1975،چ3، (سلێمانی :1999).
11. حمەلاو،شەیما سەعید،کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران -کۆمەڵە (سازکا) 1969-1988،توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیة،(سلێمانی:2017).
12. حەمەد،دلێر ئەحمەد،مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان 1975-1991، (سلێمانی:2019).
13. حیسامی،کەریمی،پێداچوونەوە،بزوتنەوەی کوردلەکوردستانی ئێران1947-1978، ب2،(ستۆکهۆڵم:1997).
14. ڕەحمانی،وریا، مێژووی پەیوەندییەکانی کوردو ئەمەریکا، چ1،(هەولێر:2012).

15. ریازکاکە مەحموودوشکارجەلال،دیداری گەورەکان (گفتوگۆی گروپی گوڵنارلەگەڵ گەورە کوردانی سەدەی بیست)،چ1،(سلێمانی: 2021).
16. زادە،رەحیم شنۆیی مەحموود، ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا وچەند بابەتێکی دی، وەرگێڕانی لە فارسیەوە : شێرکۆ ئەحمەد حەوێز،(هەولێر:2012).
17. زادە،عەبدوڵلاحەسەن، خیانەتەکانی قیادە مووەقەتە بەنەتەوەی کورد، لەبڵاوکراوەکانی ئینتشارات وتبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، (؟:1981).
18. زەبیحی،عەبدولڕەحمان(محمود حسن شنۆیی)، ڕەتدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیزم0الرد علی الکوسمۆبولیتیە)،ئا:عەلی کەریمی،(سلێمانی:2017).
19. سەردەشتی،یاسین،کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەجوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد 1939-1979،(سلێمانی:2003).
20. سەعیدی،بەهمەن، سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە، دیداری تایبەت بەمێژووی سی ساڵەی کۆمەڵەو کوردستانی ئێران و بزوتنەوەی چەپ ،چاپخانەی ڕەنج،(سلێمانی:2009).
21. سوڵتانی،مەلەکەڕەزاوحیشمەت مستەفا،کاك فوئاد مستەفا سوڵتانی کێ بوو،ئامانجی چی بوو،چۆن گیانی بەختکرد،چ1،(سلێمانی:2014).
22. عارف، روشدی عارف،کۆمەڵەی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا 1956-1975،(سلێمانی:2012).
23. عەبدولکەریم،ڕێباز،پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ پارت ورێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان 1976-1989،(سلێمانی:2017).
24. عەبدولکەریم،سەلام،ژیانی سیاسی لە کوردستان 1975-1991،سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبوونی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نموونە، چ1،(سلێمانی:2011).
25. عومەر،سەروەرعەبدولڕەحمان،یەکێتی نیشتمانی کوردستان 1975-1976 دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش،چ2،(هەولێر:2011).
26. فەرشی،برایم، سەدەی کارەسات، گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلوریان،(سلێمانی:2008).
27. فەقێ،زانا،پارتی سۆشیالیستی کور- پاسۆك 1975-1991 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، (سلێمانی:2018).
28. قازی، ئەمیری، لەبیرەوەرییە سیاسییەکانم، چ2،(سلێمانی:2014).
29. قازی،حەسەنی، سازمانی ئینقلاب و کوردستان، چاپخانەی مورتەزەوی، چ1،(؟:2020).
30. قازی،قاسم،مێژووی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردەمی دووبەرەکی وشەڕولێك دابڕان، ب4،چ1،(سوید:2021).
31. قاسملو،عەبدولرەحمان وعەبدوڵلا حەسەن زادە، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمسیونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران،(کوردستان :2002).
32. کوردە ،ئیسماعیل، ژیان وخەباتی سیاسی ئەرسەلان بایز لەچاوپێکەوتنێکی مێژوویدا، چ2، (سلێمانی:2019).
33. گادانی،جەلیل، 50 ساڵ خەبات، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی ئێران، ب1،دەزگای توێژینەوەی موکریانی،چاپخانەی خانی (دهۆك)، چ2،(هەولێر:2008).
34. گەوهەری،حامید، قیادە موەقەت ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:2020).
35. گەوهەری،حامید،ڕاپەڕینی 1967-1968 لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ،(هەولێر:2021).
36. مستەفایی،تەیموور، 70 وێستگەی مێژوویی ،(کوردستان:2015).
37. مەحموود،هوشمەند عەلی،ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لەدۆخی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد 1979-1989،چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر:2012).
38. نێروەیی،عەلی تەتەر، بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عێراق لیساڵەکانی جەنگی عێراق وئێراندا 1980-1988،(هەولێر:2008).
39. هێمن، دیوانی هێمن1921-1986،(هەولێر:2003).
40. یوسف،محمد یوسف، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان 1981-1992،چاپخانا هیڤی،(هەولێر:2020).
41. ئەحمەد،فازیل کەریم، بەخەونی گەورەوە کەوتینەڕێ، ب1،چ2،(تاران:2020).
42. ئەحمەد،فازیل کەریم،بەخەونی گەورەوە کەوتینەڕێ، ب2،(تاران:2020).
43. ئەسکەندەری،ئەحمەدی،بیرەوەریی ویادداشت 1948-1980،بڵاوکراوەکانی غەزەلنووس،چ1، (تاران:2021).
44. ئەمین،نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنین، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983،(ئەڵمانیا:1997).
45. ئەمین،نەوشیروان مستەفا، لەکەناری دانۆبەوە بۆخری ناوزەنگ،دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1975-1978،(ئەڵمانیا:1997).
46. بەختیار،مەلا،لەبری بیرەوەری، ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر،(تاران:2020).
47. پێشنماز،مەلاڕەسوڵی،سەربردەی ژیانم،ب1،چ1،(سلێمانی:2012).
48. پێنجوێنی،لالۆعەبدولڕەحمانی، بیرەوەری نیوسەدە بۆنیشتمان، چ1(سلێمانی:2012).
49. چاوڕەش،مستەفا،یادەوەرییەکان،چ1،(سلێمانی:2014).
50. حیسامی،کەریم،لەبیرەوەرییەکانم،ب2،(کوردستان:2018).
51. دزەیی،موحسین،وێستگەکانی ژیانم ،ب3، وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی،(کوردستان:2015).
52. ڕەستگار،حەسەن،برگەیەك لەژیان وخەباتم، چ1،ب2،دەزگای ڕۆشنگەری،(ئەڵمان:2021).
53. شەریف،عەبدولستارتاهیر،ململانێ لەگەڵ ژیاندا،یاداشت 1971-1983، ب2،چ1،(کەرکووك:2007).
54. عارف،حسێن، بیرەوەری، تەمەنێك لە بندەستی ڕووداوکارەساتەکانەوە، ب2، (سلێمانی:2018).
55. عەباس،شاخەوان،سەفەری کوردایەتی بیرەوەریەکانی شاروشاخ 1974-1980، چ2،(سلێمانی:2012).
56. عەبدولقادر،فەرەیدون،هەلۆسوورەکانی قەندیل، چ2،(سلێمانی:2020).
57. عوسمان،نەرمین، لەبەرتریفەی مانگ خەونەکانی نیشتمانمان دەچنی،(سلێمانی:2020).
58. فەیاز،مەعد، بەشێك لەبیرەوەرییەکانی مام جەلال، و: سۆران عەلی،(کەرکووك:2009).
59. قازی،قاسم،مێژووی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردەمی دووبەرەکی وشەڕولێك دابڕان، ب4، چ1،(سوید:2021).
60. کەریمی،هاشمی، گەشتێك لەئەربابای بانەوە بۆباواجی کۆیە،چ1،(سوید:2021).
61. أکبر،بندرعلی، مندلی المدینة المنسیة فی حسابات القیادات الکوردیة والحکومات العراقیة، دارومنشوراات جلجامش، (بغداد:2020)،
62. حزب البعث العربی الاشتراکی،(القیادة القومیة)، المنهاج الثقافی المرکزی ،الکتاب الاول، دارالحریة للطباعه والنشر، (بغداد:1985).
63. حسین،میڤان محمد،موقف بریطانیا من القضیة الکردیة فی العراق 1975-1979،(أربیل:2018).
64. الخرسان،صلاح، التیارات السیاسیة فی کردستان العراق،قراءة فی ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة فی العراق 1946-2001،(بیروت:2001).
65. داد،فالح عبدالجبار و هشام، الاثنیة والدولة، الاکراد فی العراق وایران وترکیا، ترجمة: عبد الاله النعیمی، معهد الدراسان الاستراتیجیة،(بیروت:2006)،8
66. راد،تقی نجاری، الساڤاك،منظمة الساڤاك ودورها فی تطور الاوضاع الداخلیة لایران فی عهد شا، ت: محمود سلامة علاوی، مراجعة:محمد السید جمال الدین، المجلس الاعلی للثقافة،ط1،(القاهرة:2003).
67. علاوی،ایاد،بین النیران،محطات فی مسیرة ایاد علاوی،(مذکرات)،دارالمدی،ج1،(بغداد:2018).

68. عیسی،حامد محمود، المشكلة الكردية فى الشرق الاوسط، مكتبة مدبولى،(القاهرة: 1992).

69. مجيد،سريست حسين، حول الحركة التحررية للشعب الكردى فى كردستان العراق، من وثائق الاتحاد الوطنى الكردستانى، تقديم: فريد اسسرد،(السليمانية 2017).

70. محمود،أحمد عبدالعزيز، نضال الرفيق عزيزمحمد السكرتير العام السابق للحزب الشيوعى العراقى أعلى صوتا من الكلمات، (أربيل:2013).

71. مكدول،ديڤيد، تاريخ الاكراد الحديث، ترجمة:راج ال محمد،دار الفارابى، (بيروت:1996).

72. باڵەکی،شوان حسێن شینك،جەوهەر نامق سالم 1946-2011، ژیان و بەرهەم و ڕۆڵی سیاسی، نامەی ماستەری (بڵاونەکراوە) زانکۆی سۆران،فاکەڵتی ئاداب، بەشی مێژوو،(سۆران:2016).

1. ستار،سنەوبەرسەردار، شێخ عیزەدینی حوسەینی 1979-1989، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، (ماستەنامەی بڵاونەکراوە) کۆلێژی زانستە مرۆییەکان،زانکۆی سلێمانی (بەشی مێژوو)،(سلێمانی:2016).

73. البحرانى،أمل عباس جبر، الثورة الاسلامية فى ايران دراسة تاريخية فى أسبابها ومقدماتها ووقائعها، رسالة دكتوراه(غيرمنشورة)، الجامعة المستنصرية، كلية التربية،قسم التاريخ،(بغداد:2007).

74. حسين، عبدالحسن حسين، السافاك ونشاطها فى ايران 1957-1979،رسالةماجستير(غيرمنشورة)،جامعة ذى قار،كلية العلوم الانسانية، قسم التاريخ،(ذى قار:2013).

75. سالم،حيدرسمير،الاوضاع السياسية لكرد العراق فى عهد الرئيس أحمد حسن البكر(1968-1979)، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)،قسم التاريخ - كليه الاداب -جامعة البصره،(البصره:2019).

76. السامرائى،باسم السيد قاسم السيد محمود،سياسة ايران الخارجية تجاه العراق 1968-1979،رسالة ماجستير،معهد التاريخ العربى والتراث العلمى للدراسات العليا،(بغداد :2000).

77. محمد،فلاح خلف،اتفاقية الجزائر 1975 مقدماتها، نتائجها،رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، الجامعة المستنصرية، المعهد العالى للدراسات السياسية والدولية، 2006.

78. النقشبندى،صلاح ابراهيم عبدالقادر،المجتمع الكوردى فى كوردستان ايران، دراسة اجتماعية سياسية، رسالة ماجستيرفى علم الاجتماع (غيرمنشورة)،الجامعة المستنصرية (المعهد الدراسات الاسيوية والافريقية سابقا)،(بغداد:1988).

79. اسناد لانەجاسوسی، کردستان (1)، شماره(31)دانشجويان مسلمان بيرو خط امام،. (ب:ش).

80. بيگی،بهرام ولد،برتارك طوفان ملامصطفى بارزان بەروايت مطبوعات ايران 1324-1358،چ1،(تهران: 1395).

81. تلاش درراه تفاهم، مجموعه اسناد،جلد2، گرواوری وتنظيم از:ناصر، حزب دمكرات كردستان ايران، پخش انتشارات وتبليغات ،اسفند ماه 1359.

82. خليلى،أكبر،گام بەگام انقلاب، انتشارات سداوسيماى جمهورى اسلامى ايران ،(ب:ش).

83. زاهدى،سعيد،جنبشهاى سياسى ضد بعثى درعراق، دانشگاه بين الملل،(تهران:1373).

84. عاقلى،باقر،نخست وزيران ايران ازمشيرالدولة تابختيار 1285-1357،انتشارات جاويدان،چ2،(تهران:1390).

85. قاضى،حسن،مبارزه ملى ومبارزه طبقاتى(1)، انتشارات رفيق شهيدأسماعيل شريف زاده،زمستان 1356.

86. قبادى،گلرخ، شقايق ها برسنگلاخ، زندگى وزمانەى يك زن كرد ازكردستان، چ1،(؟:2015).

87. نادرى،محمود،چريكهاى فدايى خلق أزنخستين كنش ها تابهمن 1357،ج1،مؤسسه مطالعات پژوهشهاى سياسى، چ3،(تهران:1388).

88. Martin Van Bruinessen,The Kurds Between Iran and Iraq,MERIP Report,No.141(July-August 1996)

89. Monical L.Belmonte, Edward C.Keefer,Foregn Relations of the United States 1969-1976,Iran,Iraq,

90. ئاوارە،باوکی ، چەند تیشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵەدا، کۆمەڵە(گۆڤار)، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ عێراق،ژمارە(6)، پایزی 1979.

91. ستار،سنەوبەرسەردار،ڕەوتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 1979-1988، مەکتەبی قورئان وسازمانی خەبات بە نموونە،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (3)،ئەیلولی 2021.

92. طارمی،کامران،تحليلى برنقش گروههاى معارض كرد درروابط ايران وعراق درعصرپهلوى 1921-1979، مجله دانشكده حقوق وعلوم سياسى ،شماره (61)، پاييز 1382.

93. عەزیز،خەلیل مەسعود،هەڵۆی سوورتەجروبەیەکی قارەمانانەی خوێناوی، کۆمەڵە(گۆڤار)،ژمارە(8)،هاوینی 1980.

94. فەوزی،حسێن،د. فوئاد مەعسوم لەبیرەوەرییەکانیدا،یەکێتی ودانوستان وسەروەرییەکان، کەلتور (گۆڤار)، ژمارە (4)،ساڵی دووەم ،تەمووزی 2011.

95. لەدەفتەری سەروەریدا، ئەبوبەکرشێخ نوری لوتکەی بڵندی بیروباوەڕ، کۆمەڵە(گۆڤار)، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان، ژمارە(2)، 1978-1979.

96. موراد،عادل، لەسکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانەوە بۆسکرتاریەتی ئەنجومەنی ناوەند، سازدانی: خەڵەف غەفوور، کەلتور(گۆڤار)، ساڵی سێیەم، ژمارە(6)، ئایاری 2012.

97. ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق، رونکردنەوەیەك، کۆمەڵە(گۆڤار)، ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق،ژمارە(8)،هاوینی 1980.

98. خانی،ڕەحمان،هەڤاڵ عادل شکور ئێمە یەکەم دەستەبووین لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی دا لەئێرانەوە خۆمان گەیاندە سوریا، کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژمارە(1624)،ساڵی حەوتەم ،1996/6/1.

99. کوردستان(ڕۆژنامە)،ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە (54)، ڕەشەمێ 1357- مارسی 1979.

100. کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)،چاوپێکەتن لەگەڵ مام جەلال،ژمارە(1298)،(2ی حوزەیرانی 1996).

101. مێرگەسوری،شەپۆل فاخیر،دیدەنی لەگەڵ فوئاد مەعسوم،کوردستانی نوێ(ڕۆژنامە)، ژمارە (1624)،ساڵی حەوتەم،دووشەممە،1996/6/1.

102. التاخی(جريدە)، الحزب الثورى الكردستانى يعلن حل تنظيماته والانضمام الى حزبنا الديمقراطى الكردستانى، العدد (659)، الخميس،(11 شباط 1971).

103. الشرارة(صحيفة)،حملة عالمية لانقاذ حياة الوطنين الاكراد، العدد(4)،السنه الاولى، حزيران 1976.

104. الشرارة(صحيفة)،لسان حال الاتحاد الوطنى الكردستانى، العدد الاول،تشرين الثانى 1975.

105. أطلاعات(روزنامه)، گفتگوى اختصاصى أطلاعات بارهبرجنبش كردستان عراق،(15806)، دوشنبه 21اسفند ماه،1357.

106. أطلاعات(روزنامه)،گفتگوى اختصاصى أطلاعات بارهبرجنبش كردستان عراق،شماره(15806)، دوشنبه 21حاسفند ماه،1357.

107. كيهان(روزنامه)،3 اسفند 1357، 24ربيع الاول 1399،شماره(10644)پنج شنبه.

108. بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بەئاکاروکردەوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (قیادە موەقەت)، 1358/7/15 / 1979/10/7.

109. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مەلاڕەسوڵ پێشنماز،(18ی تشرینی دووەمی 2021).

110. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عومەری شێخ مووس،(17ی ئەیلوولی 2021).